International Labour Organization

Funded by the European Union



# ڕەوتەکانی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت لە عێراق (2024-2021)

# ڕەوتەکانی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت لە عێراق (2021-2024)

راگەیاندنی ئەستۆپاکیی: ئەم بڵاوکراوەیە بەرهەمهاتووە بە هاوکاریی دارایی یەکێتی ئەوروپا. بەرپرسیارێتی ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیەوە تەنها لە ئەستۆی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی یەکێتی ئەوروپا بێت.

وێنەی بەرگ: © میساق ئەلخەتیب / ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO)

مافی بڵاوکردنەوە پارێزراوە © ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2025

وەشانی یەکەم 2025

ئەم کارە مۆڵەتپێدراوە بەپێی مۆڵەتی هاوبەشیی داهێنەرانە (CC) پۆڵێنکراوی نێودەوڵەتی 4.0. تکایە بڕوانە: creativecommons.org/licences/by/4.0. بەکارهێنەر مافی هەیە بۆ بەکارهێنانەوە یان هاوبەشیکردن (کۆپیکردن و دووبارە بڵاوکردنەوە) و گونجاندن (تێکەڵکردنەوە و ڕەوانەکردن و بەسەرچاوەگرتنی کارە ڕەسەنەکە) وەک لە مۆڵەتەکەدا بەوردی باسکراوە. پێویستە بەکارهێنەر ئاماژەی روون بدات بە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی وەک خاوەنی کارە ڕەسەنەکە، هەروەها ئاماژەبدات بەهەر گۆڕانکارییەکی ئەنجامدراو لەسەر کارە ڕەسەنەکە. ڕێگەنادرێت بە بەکارهێنانی لۆگۆ، ناو و دروشمی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەکاتی وەرگێڕان یان هەموارکردن یان کاری تری هەڵهێنجان.

**ژێدەرکردن**- ڕەوتەکانی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت لە عێراق (2021–24) ساڵ.2025, © ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.

**وەرگێڕان** – لەکاتی وەرگێڕانی ئەم کارە، پێویستە دەقی ئەستۆپاکیی لە بەرپرسیارێتی بۆ ژێردەرکردن دابنرێت بەم شێوەیە: ئەمە وەرگێڕانە بۆ مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی تایبەت بە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی. ئەم وەرگێڕانە لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئامادەنەکراوە یان پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە یان پەسەند نەکراوە و نابێت وەک وەرگێڕانی فەرمیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەیربکرێت. هەروەها ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەک بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆک و دروستیی ئەم وەرگێڕانە. بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی تەنها خاوەن (خاوەنەکان)ی وەرگێڕانەکە.

**هەموارکردن** – لەکاتی هەر هەموارکردنێکی ئەم کارە، پێویستە دەقی ئەستۆپاکیی لە بەرپرسیارێتی بۆ ژێردەرکردن دابنرێت بەم شێوەیە: ئەمە هەموارکردنە بۆ کاری پارێزراو بەپێی مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی. ئەم هەموارکردنە لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئامادەنەکراوە یان پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە یان پەسەند نەکراوە و نابێت وەک هەموارکردنی فەرمیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەیربکرێت. هەروەها ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەک بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆک و دروستیی ئەم هەموارکردنە. بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی تەنها خاوەن (خاوەنەکان)ی هەموارکردنەکە.

**بابەتی دەرکراوی لایەنی سێیەم** – ئەم مۆڵەتی هاوبەشیی داهێنەرانەیە ڕووماڵی ئەو بابەتانە ناکات کە پارێزراون بەپێی مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی لایەنی تر جگە لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی. ئەگەر بابەتەکە درابێتە پاڵ لایەنی سێیەم، ئەوا بەکارهێنەری ئەم بابەتانە تاکە بەرپرسیارە لە وەرگرتنی ڕێپێدانی پێویست لە خاوەن ماف، هەروەها بەتەنها خۆی بەرپرسیار دەبێت لەهەر بانگەشەیەکی پێشێلکاریی.

هەر ناکۆکییەک کە سەرهەڵدەدات بەپێی ئەم مۆڵەتە و ناتوانرێت دۆستانە چارەسەر بکرێت، ڕەوانەی ناوبژیوانیی دەکرێت بەپێی بنەماکانی ناوبژیوانی تایبەت بە لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای بازرگانیی نێودەوڵەتی (یوئێن سیتراڵ - UNCITRAL). هەردوو لایەن پابەند دەبن بە هەر بڕیارێک لە ئەنجامی ئەم ناوبژیوانییە وەک بڕیاری کۆتایی دەربارەی ئەم جۆرە ناکۆکییە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مافەکان و مۆڵەتەکان تکایە لەڕێگەی ئیمەڵ پەیوەنیی بکە بە: rights@ilo.org. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و بەرهەمە دیجیتاڵییەکان، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: www.ilo.org/publns.

ISBN 9789220424100 (PDF)

**هاوکات بەردەستە بە زمانی [انجليزي]:** ناونیشانی بڵاوکراوە Trends in private sector social security coverage in Iraq (2021–24)، ژمارەی ISBN 9789220424087 (PDF)؛

**[عربي]:** ناونیشانی بڵاوکراوە، التوجهات في تغطية الضمان الاجتماعي في القطاع الخاص في العراق (2021-2024) ISBN 9789220424094 (PDF) هتد.

ناوە بەکارهاتووەکان لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و داتابەیسەکانی، کە تەبان لەگەڵ پیادەکردنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها داتا ئاماژەپێدراوەکان، هەڵگری بۆچوونی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی نین پەیوەست بە باری یاسایی هەر وڵات یان ناوچە یان هەرێم، یان هەر یەکێک لە دەسەڵاتەکانیان، یان سەبارەت بە دیاریکردنی سنوورەکان. بڕوانە ئەم ماڵپەڕە: www.ilo.org/disclaimer.

بۆچوون و دیدگا دەربڕاوەکان لەم بڵاوکراوەیەدا بەتەنها بەرپرسیارێتی دانەرەکانیان و مەرج نییە نوێنەرایەتی بۆچوون، دیدگا و سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بکات.

ئاماژەدان بە ناوی کۆمپانیاکان، بەرهەمەکان و کارە بازرگانییەکان ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی پەسەندییان دەکات، هەروەها ئاماژەنەدان بە ناوی کۆمپانیاکان، بەرهەمەکان و کارە بازرگانییە دیاریکراوەکان واتای پەسەند نەکردنیان ناگەیەنێت.

لە عێراق چاپ کراوە



# خشتەی ناوەڕۆک


- پێزانین VII
- پێشوتە VIII
- پوختەی کارگێڕیی X
- خشتەی شێوەکان XII
- خشتەی خانەکان XVI
- کورتکراوەکان XVII

1. پێشەکیی 18
   - سنووردارییەکانی ڕاپۆرتەکە 20

2. تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق 22
   - 2.1 تۆمارکردن بەپێی ڕەگەز و پارێزگا 23
   - 2.2 تۆمارکردن و سڕینەوەی نوێی کرێکاران بۆ هەر ساڵێک لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 29
   - 2.3 تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی 33
   - 2.4 کرێکاری کۆچبەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی عێراق 35
   - 2.5 بۆچوونەکانی کرێکاران دەربارەی تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 40

3. خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق 43
   - 3.1 تۆمارکردنی خاوەنکار بەپێی جۆری ڕێکخراو، پارێزگا و ڕەگەز 44
   - 3.2 تۆمارکردن و سڕینەوەی نوێی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی ساڵ 47
   - 3.3 ژمارەی کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 50
   - 3.4 خاوەنکاری ڕەوانەکراو بۆ دادگا پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 53
   - 3.5 بۆچوونی خاوەنکار دەربارەی تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 53

4. سوودە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق 56
   - 4.1 خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 57
   - 4.2 خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 61
   - 4.3 میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 64

4.4 سوودە وەرگیراوەکانی کشانەوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان 67
4.5 خەرجکردنی سوودە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی 69

5. سوودە کورتخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق 71

6. ڕووماڵی کاریگەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق 73
6.1 کۆی ڕووماڵی کاریگەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی پارێزگا، ساڵ، ڕەگەز و وڵاتی ڕەسەن 74
6.2 ڕووماڵی کاریگەری سوودە درێژخایەنەکانی بەساڵاچوون و کەمئەندامیی 76
6.3 بۆچوونی کرێکاران لەسەر دەستگەیشتن بە سوودەکان و پاڵپشتیی خاوەنکار 78

7. دۆخی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراق 81

8. ڕاسپاردەکان 84
8.1 ڕاسپاردەکان سەبارەت بە سیاسەتەکان و کارگێڕیی 85
8.2 ڕاسپاردەکان سەبارەت بە داتا، چاودێریکردن و دۆکۆمێنتکردن 88

◄ سەرچاوەکان 90

◄ پاشکۆ 92



## پێزانین

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) دەخوازێت سوپاسگوزاری خۆی ئاراستەی فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە بەغداد و هەولێر بکات، بەرامبەر هاوکاریی و پابەندییان بە هاوبەشیکردنی داتا کارگێڕییەکان بۆ ئەم ڕاپۆرتە. شەفافیەت و ئامادەباشی ئەوان بۆ پاڵپشتیکردنی بڕیاردان لەسەر بنەمای زانیاری، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پابەندبوونیان بە لێپرسینەوە و چاکسازی.

هاوکات پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ پاڵپشتیی بەخشندەی یەکێتی ئەورووپا بۆ پرۆگرامی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە بەبێ ئەو پاڵپشتییە ئەم بڵاوکراوەیە ئەستەم دەبوو.

سوپاسی تایبەتمان بۆ نووسەری ئەم ڕاپۆرتە، بەڕێز ئیگۆر بۆسک، بەرامبەر سەرکردایەتیکردنی شیکارییەکان و دۆکیومێنتکردن. سوپاس بۆ تیمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) بەشداریی بەهاداریان لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا. بەتایبەتی کارینا لیڤینا، کە هەماهەنگی ئەنجامدا بۆ وەرگرتنی سەرنجی کرێکاران و خاوەنکاران دەربارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەمیانەی چەندین پرۆسەی ڕاوێژکاریی بە بەشداری واسی حەیدەر و د. ئێرنی سێلەوانس، سەرەڕای کەسانی تر. تەیف ئەلواچی، موحەمەد فەرمان و ویسام ئەل-بەهادیلی، ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە بەشدارپێکردنی هاوتا نیشتیمانییەکان و ئاسانکاریی بۆ دەستگەیشتن بە داتا پێویستەکان. سوپاسی بێپایان بۆ لوکا پێلێرانۆ، ریسزارد چۆلوینسکی، داویت مێنگاشا و ئێریکا ستراند، بەرامبەر پێداچوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە. لە کۆتایدا، پێزانینی تایبەتمان هەیە بۆ د. مەها کەتا بۆ پێداچوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە، هەروەها ڕێنماییە گشتییەکانی پرۆگرامی هاوبەش بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم توێژینەوەیە.

جانێت نیوبێکەر پێداچوونەوەی بۆ ئەم ڕاپۆرتە کردوە بە زمانی ئینگلیزی. (مشتاق جمیل، کۆمپانیای کۆمۆمن هەب) ئەم ڕاپۆرتەی وەرگێڕا بۆ عەرەبی و (بەختیار کەریم، کۆمپانیای کۆمۆن هەب) ئەم ڕاپۆرتەی وەرگێڕا بۆ کوردی-سۆرانی، هەروەها نانسی ئەلجەموس پێداچوونەوەی بۆ ڕاپۆرتە عەرەبییەکە کرد. نانسی ڤالتێرا لەڕێگەی بەرنامەی بەخشندەی هاوکاریی بەخشندەی خۆراکی جیهانی (WFP) و ڕەغد موهی ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) لە عێراق خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی پرۆژە و نەخشەسازی گرافیکیان پێشکەشکرد، لەگەڵ نەخشەسازی بەرگ و ئامادەکردن بۆ چاپ. نەخشەسازی و گرافیکی وەشانی عەرەبی و کوردی-سۆرانی لەلایەن ڕەوێن سەعید ئەنجامدرا.

# پێشوتە

لەکاتێکدا عێراق بەرەوپێش دەچێت لە گەشتی چاکسازیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە، ئاراستەکانی رووماڵی ڕەوتەکانی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت لە عێراق (2021-2024) نیشانەی هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بەهێزکردنی جێبەجێکردن لەسەر بنەمای بەڵگە بۆ یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ ژمارە (18)ی ساڵی 2023 و دیدگای فراوانتری پاراستنی کۆمەڵایەتی گشتگیر. بنەمای ئەم شیکارییە بریتییە لە تۆمارە کارگێڕییەکانی هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان و دەروازەیەکی دەگمەن و لەکاتی خۆیدا دابین دەکات بۆ تێڕوانین لە چۆنێتی پەرەسەندنی تۆمارکردن، سکاڵا و خەرجکردنی سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان و کەرتەکانی ئابووری و پۆلەکانی کرێکاران.

لە کرۆکدا، ئەم ڕاپۆرتە پشتڕاستکردنەوەی ڕۆڵی گرنگی شەفافیەتی داتا و چاودێریکردنە لە پرۆسەکانی چاکسازیی یاسایی. لەکاتێکدا کە بەرەوپێشچوونە یاساییەکانی وەک یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023 چوارچێوەیەکی تواناساز دابین دەکات، بەڵام سەرکەوتنی دەوەستێتە سەر توانای بەدواداچوونی ئەنجامە ڕاستەقینەکان. داتای پۆلینکراو - بەپێی ئافرەت، کرێکاری بیانیی، هەڵسوکەوتی خاوەنکار و وەرگرانی سوودەکان - نەک تەنها دەستوەردانی بەئامانجکراو، گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی کەلێنەکان لە دەستگەیشتن، یەکسانیی و ئەدای کارکردنی سیستەم.

بڵاوکردنەوەی ئەم داتایە تەنها چالاکییەکی تەکنیکیی نییە؛ بەڵکو نیشانەیەکی گرنگە کە بڕیاردەران توانادار دەکات ئاگاداری ئەم ئاراستانە بن. ڕێگەدەدات بە لایەنە پەیوەندارەکان - لە حکومەت و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا کرێکاران و خاوەنکاران - بەشداری بکەن لە گفتوگۆ لەسەر بنەمای زانیاری، هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوون و پێکەوەکارکردن بۆ نەخشاندنی ئایندەی سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق. هاوکات تەباکردنە لەگەڵ پەسەندکردنی عێراق بۆ ڕێککەوتنامەی (ILO) بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی (کەمترین ستانداردەکان)، 1952 (ژمارە 102)، هەروەها پاڵپشتیکردنی خولیاکانی وڵاتە بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری گشتگیر و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) ستایشی پابەندبوونی فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکات و پێزانینی هەیە بۆ پاڵپشتی یەکێتی ئەوروپا لەڕێگەی پرۆگرامی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەڕێگەی بەدامەزراوەییکردنی بڵاوکراوەی ڕۆتینی و بەکارهێنانی داتا کارگێڕییەکان، عێراق بناغەڕێژی دەکات بۆ بڕیاردانی ژیرانەتر، لێپرسینەوەی بەهێزتر و دامەزراوەی خۆڕاگرتر. ئومێد دەکەین ئەم ڕاپۆرتە ببێتە ئامرازێکی کردەیی بۆ بڕیاربەدەستان و سەرچاوەیەکی قووڵ بۆ توێژەران و بزوێنەرێک بۆ برەودان بە مافی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ هەموان.

**مەها کەتا**

هەماهەنگیکاری (ILO) لە عێراق



گۆڕانی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق بەشێکە لە وەرچەرخانێکی هەرێمایەتی فراوانتر لە تۆڕە پەرتەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پرۆژەکانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی بژاردەیی بەرەو سیستەمی هەمەلایەن و لەسەر بنەمای ماف، کە ئاوێتەن لەگەڵ بازاڕەکانی کاری نیشتیمانیی. لەکاتێکدا دەوڵەتە عەرەبییەکان هەوڵ دەدەن بۆ تێپەڕاندنی ئەو مۆدێلانەی لە سیستەمی هاوکاریی کۆمەڵایەتی دەڕوانن وەک خێرکردن بە هەژاران، ئێستا بایەخی زیاتر دەدرێت بە دروستکردنی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە زامنی پاراستن دەکات لە مەترسییەکانی سووڕی ژیان بۆ هەموو کرێکاران، لەناویاندا کرێکارانی ئابووری نافەرمیی.

لەم ناوکۆییەدا، گرنگی ئەم ڕاپۆرتە عێراق تێدەپەڕێنێت. توانای ئەنجامدانی شیکاریی بەشێوەیەکی سیستماتیک و بڵاوکردنەوەی داتا کارگێڕییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەربارەی تۆمارکردنی کرێکاران و خاوەنکاران و دابەشکردنی سوودەکان، پاڵپشتێکی سەرەکییە بۆ ئەم وەرچەرخانە. بڵاوکراوەی وەک ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و شەفافیەت، هاوکات دەبێتە ئامرازێکی پتەو بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنێتی تەباکردنی جێبەجێکردن لەگەڵ پابەندییە یاساییەکانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023 و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێککەوتنامەی ژمارە (102).

هاوکات ئەم ڕاپۆرتە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی بەراوردکاری زیاتر لە سیستەمەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە. زۆر وڵاتی عەرەبی - چ ئەوانەی دەوڵەمەندن بە نەوت یان سەرچاوەکانیان سنووردارە - ڕووبەڕوون لەگەڵ ئاستەنگی هاوبەشی پەرتەوازەیی سیستەمەکان و زاڵبوونی هاوکاریی کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا پرۆژەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هێشتا بەرەوپێش نەبراون. لەڕێگەی دۆکیومێنتکردنی ئاراستەکانی رووماڵکردنی کاریگەر، جیاوازییە جێندەرییەکان، لەخۆگرتنی کرێکاری بیانیی و کارکردنی پرۆژەکانی سوودی بژاردەیی و کورتمەودا، ئەم جۆرە ڕاپۆرتە زانیاری بنەڕەتیی گرنگ دابین دەکات بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە کە هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازی هاوشێوە دەدەن.

لە ڕوانگەی سیاسەتەکانەوە، ئەنجامەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە پاراستنی کۆمەڵایەتی تەنها ئەرکێکی یاسایی نییە، بەڵکو هاوکات پێکهاتەیەکی گرنگە لە بەفەرمیکردنی کرێکار، بەرهەمداریی و لەخۆگرتنی ئابووری. ئەو بەڵگانەی لێرەدا پێشکەش دەکرێن، ڕوونی دەکەنەوە کە زیادبوونی تۆمارکردن بەتەنها بەس نییە، ئەگەر هاوشان نەبێت لەگەڵ دابەشکردنی ڕاستەقینەی سوودەکان، ئاسانکردنی ڕێکارەکان و باشترکردنی متمانە لەناو کرێکاران و خاوەنکارەکان.

ئۆفیسی هەرێمایەتی (ILO) بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان شانازی دەکات بە پاڵپشتیکردنی ئەم هەوڵە وەک بەشێک لە کارنامەیەکی فراوانتر بۆ بەهێزکردنی سیستەمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە لەخۆگر و بەردەوام بن و بناغەیان لە شکۆمەندی کاردا بێت. ئومێد دەکەین ئەم ڕاپۆرتە یارمەتیدەر بێت نەک تەنها بۆ لایەنە پەیوەندارە نیشتیمانییەکان لە عێراق، بەڵکو هاوکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە هەرێمایەتییەکان و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان و هەموو هاوبەشانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە هەوڵ دەدەن بۆ بەدیهێنانی پاراستنی کۆمەڵایەتی گشتگیری ڕەگداکوتاو لە کاری شکۆمەندا.

**پیتەر رادمەیکەر**

جێگری بەڕێوەبەری هەرێمایەتی و بەڕێوەبەری تیمی کاری شکۆمەند

ئۆفیسی هەرێمایەتی (ILO) بۆ وڵاتە عەرەبییەکان

# پوختەی کارگێڕیی

ئەم راپۆرتە، ڕەوتەکانی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەت لە عێراق (2021–2024 )، یەکەم شیکاریی ورد پێشکەش دەکات بۆ داتا کارگێڕییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق. هەڵسەنگاندنێکە لە کاتێکی گونجاودا بۆ چۆنێتی بەرەوپێشچوونی تۆمارکردن، سکاڵا و دابەشکردنی سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەم ماوە هەستیارەی چاکسازیدا. راپۆرتەکە بڵاوکراوەتەوە بە پاڵپشتیی یەکێتی ئەوروپا و هەوڵ دەدات زانیاری دابین بکات بۆ هەوڵەکانی فراوانکردنی رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت و جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (18)ی ساڵی 2023 و خێراترکردنی بەرەوپێشچوون بەرەو پاراستنی کۆمەڵایەتی گشتگیر.

شیکارییەکە ئاشکرای دەکات کە رووماڵی راستەقینەی کاریگەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت نزیکەی بۆ دوو هێندە بەرزبۆتەوە لە ماوەی چوار ساڵی رابوردو لە 6.97 لەسەد لە ساڵی 2021 بۆ 12.65 لە ساڵی 2024. ئەمە واتا ژمارەی ئەو کرێکارانەی تۆمارکراون بەراورد بەوانەی لە کەرتی تایبەت کاردەکەن بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە لەماوەیەکی کورتدا. ئەم وەرچەخانە رەنگدانەوەی بەرەوپێشچوونێکی بەرجەستەیە و ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی تواناکان و کاردانەوەی کارگێڕیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق، کە ئێستا ژمارەیەکی زیاتری تۆمارکردن و دابەشکردنی سوودەکان ئەنجام دەدەن و ئەرکەکانی جێبەجێکردنیان زیاتر بووە بەراورد بە رابوردو. ئەم ئاراستەیە بەتایبەتی روونتر دیارە لە پارێزگاکانی وەک بەغداد، کەرکوک و نەجەف و هاوشێوەی ئەمانە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام پێشەنگن.

لە هەمووی گرنگتر، ئەم گەشەیە لە رووماڵی کاریگەر هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی بەرایی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023، کە کۆمەڵێک داهێنانی بەرچاو دەناسێنێت، وەک پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بژاردەیی و دەستگەیشتنی باشتر بە سوودە کورتخایەن و درێژخایەنەکان. ئەم پێشکەوتنە یاساییانە بوونەتە هۆی بەدیهێنانی ئەنجامی راستەقینە و پێشکەشکردنی رێگەیەک بەرەو پاراستنی فەرمیی کرێکاران، بە کرێکارانی ئافرەت و کۆچبەرەوە. تۆمارکردنی زیاتر لە 20 هەزار کرێکار لەمیانەی پرۆژەی بژاردەیی نوێ لە ساڵی 2024 – کە رێژەیەکی بەرچاو لەمانە ئافرەت بوون – ئاماژەیە بۆ فراوانبوونی دەستگەیشتن و پەیوەندارییی سیستمەکە.

هاوکات، راپۆرتەکە ئاماژە دەدات بەو بوارانەی کە پێویستیان بە هەوڵی زیاترە بۆ پتەوکردن و بەردەوامیدان بە دەستکەوتەکان. لەکاتێکدا کە گەشەی تۆمارکردن سەرسوڕهێنەرە، هەندیک لەم تۆمارکردنە نوێیانە رەنگیان نەداوەتەوە لە ژمارەکانی خەرجکردنی سوودەکان، بەتایبەتی بۆ خانەنشینی بەساڵاچوان و کەمئەندامان. بەهێزکردنی بەستەری نێوان رووماڵی یاسایی و دەستگەیشتنی راستەقینە بە سوودەکان – لەڕێگەی رێکاری ئاسانکراو، ئەلەکترۆنیکردن و جێبەجێکردنی تووندتر – گرنگ دەبێت بۆ پاراستنی متمانە لەناو بەشداران و دڵنیاییکردن لە متمانەپێکراوی سیستمەکە. هاوشێوە، پەیوەست بە کرێکاری کۆچبەر، چاکسازی یاسایی و رێککەوتنەکان لەگەڵ وڵاتانی رەسەن گرنگە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی دەستیان دەگات بە سوودەکان.

سەرنجە وەرگیراوەکان لە کرێکاران و خاوەنکاران، پشتڕاستی دەکەنەوە چاکسازییەکان پاڵپشتیی فراوانیان هەیە، بەڵام هاوکات تیشک دەخەنە سەر گرنگیی چارەسەرکردنی ئاڵۆزییە کارگێڕییەکان و کەلێنەکانی زانیاری. خاوەنکارەکان خۆیان راپۆرت دەدەن لەسەر بەرزیی ئاستەکانی پابەندبوون و هۆشیاریی، بەتایبەتی لە عێراقی فیدراڵ، لەکاتێکدا کرێکاران جەخت دەخەنە سەر بەهای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئاسایشی کار و داهاتی ئایندەیان. بەشێکی زۆر لەو ئاستانگانەی ئاماژەیان پێدەدەن – وەک بەربەستی رێکارەکان و تێگەیشتنی سنووردار لە ماف و شایستەییەکان – دەکرێت چارەسەر بکرێن لەڕێگەی چاکسازییە بەردەوامەکان و وەبەرهێنانی بەردەوام لە پەرەپێدانی تواناکان.

بەگشتی، راپۆرتەکە ئاراستەیەکی موژدەبەخش نیشان دەدات: چاکسازییە یاساییەکان جێگەیان گرتووە، رووماڵکردن لە فروان بووندایە و فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق لە ئاستی خواستەکاندان بۆ سیستمێکی گشتگیر و هەمەلایەن. لەڕێگەی پاراستنی ئەم بزاوتە و چارەسەرکردنی بەربەستەکان تر، عێراق لە پێگەیەکی زۆر باشدا دەبێت بۆ کردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە بەردی بناغەی کارنامەی پەرەپێدان و بزواندنی گەشەی یەکسان.

# خشتەی شێوەکان


- **شێوەی 1:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز، 2021 – 2024 24
- **شێوەی 2:** تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت 24
- **شێوەی 3:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 25
- **شێوەی 4:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا/ناوچە، 2024-2021 26
- **شێوەی 5:** ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 26
- **شێوەی 6:** ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 27
- **شێوەی 7:** ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 27
- **شێوەی 8:** ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 28
- **شێوەی 9:** پشکی ئافرەتان لە کۆی کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 29
- **شێوەی 10:** پشکی ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 29
- **شێوەی 11:** کرێکاری تۆمارکراوی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 30
- **شێوەی 12:** کرێکاری تۆمارکراوی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 31
- **شێوەی 13:** کرێکاری سڕاوەی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق فیدراڵ، 2024-2021 31
- **شێوەی 14:** کرێکاری سڕاوەی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 32
- **شێوەی 15:** گۆڕانی پەتیی لە تۆمارکردن و سڕینەوەی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021 33
- **شێوەی 16:** گۆڕانی پەتیی لە تۆمارکردن و سڕینەوەی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 33
- **شێوەی 17:** کۆی کرێکاری تۆمارکراو لە پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی، بەپێی ڕەگەز، 2024 34





- **شێوەی 18:** تۆمارکردن لە پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی، هەموو عێراقییەکان، بەپێی پارێزگا یان شوێن، 2024 34
- **شێوەی 19:** ئافرەتی تۆمارکراو لە پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی، بەپێی پارێزگا، 2024 35
- **شێوەی 20:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەسەن، 2024-2021 36
- **شێوەی 21:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕەسەن، 2024-2021 37
- **شێوەی 22:** کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 37
- **شێوەی 23:** کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 38
- **شێوەی 24:** کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 38
- **شێوەی 25:** کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 39
- **شێوەی 26:** کرێکاری کۆچبەری ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 40
- **شێوەی 27:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی جۆری ڕێکخراو، 2024-2021 45
- **شێوەی 28:** خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 46
- **شێوەی 29:** تۆمارکردنی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 46
- **شێوەی 30:** خاوەنکاری نوێی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021 47
- **شێوەی 31:** خاوەنکاری نوێی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 48
- **شێوەی 32:** خاوەنکاری سڕاوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021 48
- **شێوەی 33:** خاوەنکاری سڕاوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 49
- **شێوەی 34:** گۆڕانی پەتیی خاوەنکار **(نوێ یان سڕاوە)** لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021 49

- **شێوەی 35:** گۆڕانی پەتیی خاوەنکار (نوێ یان سڕاوە) لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 50
- **شێوەی 36:** تێکڕای ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 51
- **شێوەی 37:** تێکڕای ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 52
- **شێوەی 38:** خاوەنکاری ڕەوانەکراو بۆ دادگا پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 53
- **شێوەی 39:** کۆی خانەنشینانی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز و ساڵ، 2024-2021 58
- **شێوەی 40:** خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق، بەپێی پارێزگا و ساڵ، 2024-2021 59
- **شێوەی 41:** پشکی ئافرەت لە کۆی خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 60
- **شێوەی 42:** خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ناوچە و ساڵ، 2024-2021 61
- **شێوەی 43:** سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز و ساڵ، 2024-2021 62
- **شێوەی 44:** سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 63
- **شێوەی 45:** پشکی ئافرەت لە کۆی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 64
- **شێوەی 46:** سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز و ساڵ، 2024-2022 65
- **شێوەی 47:** سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 66
- **شێوەی 48:** پشکی ئافرەت لە سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 67
- **شێوەی 49:** ئەو کرێکارانەی سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2023 68
- **شێوەی 50:** کرێکاری کۆچبەر کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2023 68
- **شێوەی 51:** کرێکاری کۆچبەر کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2023 (ڕێژەی سەدیی) 69





- **شێوەی 52:** خەرجکردنی سوودە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا و ساڵ، 2024-2022 (بە دیناری عێراقی) 70
- **شێوەی 53:** پشکی پارێزگاکان لە خەرجییە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، 2024-2022 (ڕێژەی سەدیی) 70
- **شێوەی 54:** ڕووماڵی کاریگەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو عێراق، بەپێی پارێزگا و ساڵ، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 75
- **شێوەی 55:** تۆمارکردنی کاریگەری ئافرەت لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی ناوچە، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 76
- **شێوەی 56:** مەزەندەی ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 77
- **شێوەی 57:** مەزەندەی ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 77
- **شێوەی 58:** خەرجی ساڵانەی کارگێڕیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، 2024-2018 (بە دیناری عێراقی) 82
- **شێوەی 59:** داهاتی ساڵانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2018 (بە دیناری عێراقی) 82
- **شێوەی 60:** بالانسی کارگێڕیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ساڵ، 2024-2018 (بە دیناری عێراقی) 83

## خشتەی خانەکان


- **خانەی 1.** لێکۆڵینەوەی کەیسی کرێکارانی بیناسازی، کشتوکاڵ و پیشەسازی 41
- **خانەی 2.** کەیسە دۆکیومێنتکراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024 55
- **خانەی 3.** کەیسی هەڵبژێردراو لە هەرێمی کوردستان 79




## کورتکراوەکان

| ئینگلیزی | | کوردی |
|---|---|---|
| CSO | Central Statistical Organization (Federal Iraq) | نووسینگەی ناوەندیی ئامار (عێراقی فیدراڵ) |
| DSS | Department of Social Security | فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی |
| FGD | focus group discussion | گروپی گفتوگۆی چڕ (فۆکۆس گروپ) |
| IDI | individual in-depth interview | چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسیی |
| IMF | International Monetary Fund | سندوقی دراوی نێودەوڵەتی |
| KRI | Kurdistan region of Iraq | هەرێمی کوردستانی عێراق |
| KRSO | Central Statistical Organization (Kurdistan region) | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| MoU | Memorandum of Understanding | یاداشتی لێکتێگەیشتن |
| ODI | Overseas Development Institute | دامەزراوەی پەرەپێدانی دەرەکیی |
| PDS | public distribution system | سیستمی دابەشکردنی گشتی |
| SSA | Social Security Administration | کارگێڕیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی |
| SSN | Social Safety Net | تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی |
| UNICEF | United Nations Children's Fund | سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان |
| WFP | World Food Programme | بەرنامەی خۆراکی جیهانی |

# 1 پێشەکیی

سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق بە چەندین چاکسازیی یاسایی گرنگدا تێپەڕ بووە، لەگەڵ پەسەندکردنی ڕێککەوتنامەی (ILO) بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی (کەمترین ستانداردەکان) ژمارە (102)ی ساڵی 1952 لە ساڵی 2023 و پەسەندکردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (18)ی ساڵی 2023، کە بژاردەکانی ڕووماڵی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی یەکدەخات بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت لەسایەی یەک چوارچێوەی نوێکراوەدا. یاساکە بژاردەی فراوانتری ڕووماڵکردن، سوودی کورتخایەن و درێژخایەن و پرۆژەی بژاردەیی فراوانتر و باشتر دەناسێنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەفەرمیکردنی کار و درێژکردنەوەی پاراستن بۆ دەرەوەی کەرتی گشتی. ڕەشنووی یاسایەکی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستان هێشتا دەرچوێنراوە. بەڵام لە کرداردا، سەرەڕای حوکمە یاساییەکان، ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سنووردارە و زۆربەی کرێکارانی کەرتی تایبەت و کەرتی نافەرمیی هێشتا بێبەشن لە سیستمەکە. تا ساڵی (2024)، بەشەخۆراک – بەتایبەتی لەڕێگەی سیستمی دابەشکردنی خۆراک لە عێراقی فیدراڵ – هێشتا بەرفراوانترین و کراوەترین جۆری کۆمەکی کۆمەڵایەتییە، کە ڕووماڵی نزیکەی کۆی دانیشتوان دەکات بەدەر لە دۆخی کارکردنیان. کۆمەکی نەختینە لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە پەیوەست بە گەیشتن بە دانیشتوانی هەژار و دۆخناسک، هێشتا دووەم گرنگترین پێکهاتەی پاراستنی کۆمەڵایەتییە. باڵادەستیی کۆمەکی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ واقیعێک کە، لەکاتێکدا چوارچێوە یاساییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەبەشداریی بەرەوپێشچوون، لە ژینگەی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق هێشتا پاراستنی کۆمەڵایەتی بەبێ بەشداریی و کۆمەکیی جۆریی باڵادەستە، کە لەگەڵ دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێت بەڵام هێشتا ئەم ڕۆڵە سنووردارە. پێکەوەبەستنەوەی ئەم دابەشبوونە پێویستی بە تەنها چاکسازی یاسایی نییە، بەڵکو هاوکات پێویستی بە نوێکردنەوەی کارگێڕیی، هەوڵی پتەوی توێژینەوە و گۆڕانکاری لە پارادایم بەرەو بەدیهێنانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ماف، لەجیاتی لەسەر بنەمای دەستگیرۆیی (خێر).

سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق کارایە هاوشان لەگەڵ سیستمێکی بەخشندەی خانەنشینی گشتی ڕێکخراو بە یاسایەکی جیاواز. پرۆژەی خانەنشینی گشتی ڕێژەی جێگرتنەوە (معدلات الاستبدال - replacement rates)ی بەرز و بژاردەکانی خانەنشینی پێشوەخت پێشکەش دەکات و بەگشتی لەڕێگەی بودجەی دەوڵەتەوە پارەدار دەکرێت، ئەمەش نایەکسانی ستوونیی و بارگرانی دارایی دروست دەکات[1]. بەراورد بەمە، سیستمی تایبەت هێشتا لەسەر بنەمای بەشداریکردنە، لەڕووی ژمێرەییەوە کەمتر بەخشندەیە و ڕووماڵی ژمارەیەکی زۆر کەمتری هێزی کار دەکات. وەک تێبینی کرا لە هەڵسەنگاندنێکی هاوبەشی خانەشینی عێراق (سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی (IMF)، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) و بانکی نێودەوڵەتی 2024)، پەیکەری دووانەیی خانەنشینی عێراق بەشدارە لە شێواندنەکانی بازاڕی کار و ساردکردنەوەی کارکردن لە کەرتی تایبەت. لەکاتێکدا کە یاسای ژمارە (18) هەنگاوێکی گرنگە بەرەو نوێکردنەوە و فراوانکردنی ڕووماڵی کەرتی تایبەت، بەڵام چارەسەری پەرتەوازیی بنەڕەتیی و ناهاوسەنگیی نێوان ئەم دوو سیستمە ناکات. هەر ڕێگەیەک بەرەو چاکسازی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراق پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەم پەیکەرە دووانەییە هەیە بۆ زامنکردنی یەکسانیی، توانای گواستنەوە، دەستگەیشتن و بەردەوامیی.

1. کەرتی گشتی نوێنەرایەتی 37.9 لەسەدی کۆی کار دەکات لە عێراق، کە بەراورد بە ناوچەکە بەرزە. کارمەندانی کەرتی گشتی مافیان هەیە بۆ خانەنشینی بەخشندە لەسەر بنەمای بەشداریکردن. ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت هێشتا بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ سنووردارە، تەنها 9.1 لەسەدی کرێکاران تۆمارکراون لە عێراقی فیدراڵ. بڕوانە: وێبسایتی پلاتفۆرمی پاراستنی کۆمەڵایەتی (ILO) لەم لینکە: .https://www.social-protection.org/gimi/ShowMainPage.action

لەم ناوکۆییەدا ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO)، بە پاڵپشتیی یەکێتی ئەوروپا، پرۆگرامێ هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری پاراستنی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (UNICEF) و بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق لە چاکسازییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی. مەبەستی ئەم بڵاوکراوەیە بریتییە لە تیشک خستنە سەر ئاراستەکانی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کەرتی تایبەت و لە سەرانسەری وڵات. ئەمە بەتایبەتی گرنگە پاش جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (18) و چاوەڕوانییەکان بۆ زیادبوونی ڕووماڵ، لەبەرئەوە تێگەیشتنێکی ورد پێویستە لە ژینگەی ڕووماڵکردن و هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکان بەتێپەڕبوونی کات.

ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای شیکاریی داتا کارگێڕییەکانە کە کۆکراونەتەوە لەلایەن فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم زانیارییانە بەراورد کراون لەگەڵ داتاکانی ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق (2021) (نووسینگەی ناوەندیی ئامار، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO (2022)، هەروەها لەگەڵ ڕووپێوێکی نوێی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمپانیاکانی بەغداد و بەسرە و چاوپێکەوتنی جۆریی لەگەڵ هاوبەشە جیاوازەکانی (ILO)، لەوانە دامەزراوەی پەرەپێدانی دەرەکیی (ODI) و کۆمپانیای (CRSM Consulting©).

بەشی دووەمی ئەم ڕاپۆرتە بایەخ دەدات بە تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ داتا پۆلێنکراوەکان بەپێی ڕەگەز لەسەر ئاستی پارێزگا، ئەدای کارکردنی پڕۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی کە لەم دواییانەدا ناسێنرا و بڕگەی 2.4 دەربارەی کرێکاری کۆچبەرە. بەشی سێیەم بایەخ دەدات بە تۆمارکردنی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت و ئاراستەکان بەپێی پارێزگا و جۆری ڕێکخراوەکان. بەشی چوارەم هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ئەدای کارکردنی سوودە درێژخایەنەکان لەماوەی چوار ساڵی ڕابوردو. بەشی پێنجەم بایەخ دەدات بە سوودە کورتخایەنەکان. بەشی شەشەم زانیارییە هەڵسەنگێنراوەکانی بەشەکانی پێشتر یەکدەخات پەیوەست تۆمارکردن و بەراوردکردنی مەزەندەکان دەربارەی دانیشتوانە سوودمەندەکان. پاشان ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردە پێشکەش دەکات بۆ بەدواداچوونی زیاتر.

## سنووردارییەکانی ڕاپۆرتەکە

ئەم ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت دەبەستێت بە داتا کارگێڕییەکانی فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەگەرچی داتاکان فراوانن، بەڵام کۆمەڵێک پۆلی داتا هەیە کە ڕاپۆرت نەکراون. بۆ نموونە، داتای کارگێڕیی دابەشکراو بەپێی گروپی تەمەن یان بەپێی پۆلەکانی شار بەراورد بە گوند بەردەست نین. ئەگەرچی داتاکان تەبان لە سەرانسەری زۆربەی پۆلەکاندا، لە هەندێک دۆخدا ناتەبایی هەبوو ئەمەش پرسیار دروست دەکات سەبارەت بە پشتپێبەستراوی داتاکان. هەر کاتێک ئەمە ڕوویدابێت، تیشک خراوەتە سەر ناتەباییەکان. ئەگەرچی زۆربەی پۆلەکانی داتا هاوشێوەن لەنێوان فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەغداد و هەولێر، بەڵام لە هەندێک دۆخدا جیاوازن، ئەمەش سەختتری دەکات بەراودکاری بکرێت و داتاکان بەشێوەیەکی تەبا لەمیانەی ئەم ڕاپۆرتەدا پێشکەش بکرێن. بۆ نموونە، داتاکان لەسەر سوودمەندانی کەمئەندامیی یان میراتگر بەردەست بوون لە عێراقی فیدراڵ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەردەست نەبوون. بەهەمان شێوە، داتا دەربارەی ڕەوانەکردنی خاوەنکار بۆ دادگا، یان کۆی پارەدانەکان و خەرجییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەردەست بوون لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە عێراقی فیدراڵ بەردەست نەبوون. لە هەندێک دۆخدا، داتای دابەشکراو بەپێی ڕەگەز بەردەست نەبوو لە ناوچەیەک، لەکاتێکدا لە ناوچەیەکی تر بەردەست بوو.



یەکێکی تر لە سنووردارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە سەرچاوەی گرتووە لە پێداویستی بۆ بەراوردکردنی داتای کات (ماوە) دیاریکراوی پەیوەست بە سەرچاوە کارگێڕییەکان لە 2021 تا 2024 لەکاتێکدا کە سەرچاوەکانی داتای ماوەیەکی دیارکراو بەسترابووەوە بە ڕووپێوی هێزی کار 2021. پێویست بوو هەندێک مەزەندەکردن بکەین بۆ خەمڵاندنی ڕووماڵی کاریگەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەمە زیاتر ڕوونکراوەتەوە لە بەشی شەشەم.

داواجار، داتای جۆریی (چۆنایەتی) بۆ ڕوونکردنەوەی ئاراستە ژمارەییەکان زۆرجار سنووردار بوون. لەجیاتی مەزەندەکردن دەربارەی جیاوازییەکان، ئەم ڕاپۆرتە جەختی خستۆتە سەر پێشکەشکردنی ئاراستە ژمارەییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی گفتوگۆکانی لایەنە پەیوەندارەکان و ڕێخۆشکردن بۆ ڕوونکردنەوەی گونجاو لە کاتەکانی دواتردا. لەکاتێکدا کە داتای جۆریی پێشکەشکراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕێخۆش دەکات بۆ تێگەیشتنی قووڵ، بەڵام هەمەلایەن نییە و مەرج نییە نوێنەرایەتی ئاراستەیەکی فراوان بکات.

# 2
# تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق

سەبارەت بە تۆمارکردنی کرێکار، دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت پێکدێت لە داتا دەربارەی کۆی گشتی تۆمارکردنی کرێکاران لە هەر ساڵێکدا و پۆلێنکراو بەپێی رەگەز و پارێزگا. هەروەها فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت ساڵانە تۆمارکردنی نوێ ئەنجام دەدات و ئەوانە دەسرێتەوە کە چیتر سوودمەند نین بەهۆی فاکتەری دیمۆگرافی و کارگێڕیی، کە لەم راپۆرتەدا زیاتر روونکراونەتەوە. لە سەرەتای ساڵی (2024)ەوە، فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەستیانکردوە بە تۆمارکردنی کرێکاری نوێ لە پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بژاردەیی، کە بەوردی لەم راپۆرتەدا روونکراونەتەوە لە بەشی 2.3.


## 2.1 تۆمارکردن بەپێی رەگەز و پارێزگا

کۆی تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بۆ هەموو عێراق (بەبێ هەژمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی) گەیشتۆتە 666،064 کرێکار لە ساڵی 2024. ئەمە پێکدێت لە 483،080 کرێکاری تۆمارکراو لە فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ و 182،984 کرێکاری تۆمارکراو لە فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان.

شێوەی 1 بایەخ دەدات بە عێراقی فیدراڵ و ئاماژە دەدات بە بەرزبوونەوەی تۆمارکردن لە 227،155 کرێکار بۆ 483،080 لەنێوان ساڵانی 2021-2024، ئەمەش نوێنەرایەتی بەرزبوونەوە بە رێژەی 74 لەسەد دەکات لەماوەی چوار ساڵدا[2]. بەرزبوونەوەی بەردەوامی 16 لەسەدی ساڵانە هەیە لە ژمارەی تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە ساڵی 2021 تا 2023 و بەرزبوونەوەی کەمێک خێراتر بە رێژەی 20 لەسەد لە ساڵی 2024. پیاوان پێشەنگن لە تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت و ئافرەتان زۆر لەدواوەن. لە ساڵی 2024، بەشداری ئافرەتان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت تەنها 9.7 لەسەد بوو، تارادەیەک کەمتر لە رێژەی بەشداری ئافرەتان لە هێزی کار 10.6 لەسەد (نووسینگەی ناوەندیی ئامار و رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ((ILO 2022)، روونکردنەوەی شیاو بۆ ئەمە بریتییە لە ئامادەیی بەرچاویان لە کەرتی گشتی و فاکتەرەکانی تر. ئەمە لە بەشی 6 زیاتر روون دەکرێتەوە.


2. ئەم ژمارەیە تەنها ئاماژەیە بۆ کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی ئاسایی و ئەو جۆرە دەستەبەری کۆمەڵایەتییە لەخۆناگرێت کە ناسراوە بە "بژاردەیی" یان "خۆبەخش"، کە مەبەستی سەرەکیی هێزی کاری نافەرمییە.

**شێوەی 1: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز، 2021 – 2024**




شێوەی 2 نیشانی دەدات لە هەرێمی کوردستان بەرزبوونەوە هەیە لە تۆمارکردنی کرێکاران لە 101،245 بۆ 182،984 لەنێوان 2021-2024، ئەمەش نوێنەرایەتی 81 لەسەد بەرزبوونەوە دەکات لەماوەی چوار ساڵدا. بەرزبوونەوەی تۆمارکردن بەڕێژەی 35 لەسەد لە ساڵی 2022، بەراورد بە ساڵی پێشتر و پاشان بەرزبوونەوەکە هێواش دەبێتەوە بۆ 10 لەسەد لە ساڵی 2024 بەراورد بە ساڵی پێشتر. پیاوان پێشەنگن لە تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت و ئافرەتان زۆر لەدواوەن. پشکی بەشداری ئافرەتان ساڵانە تاڕادەیەک بەرزبۆتەوە لە 14.43 لەسەد لە ساڵی 2021 بۆ 17.91 لەسەد لە ساڵی 2024، ئەمەش تەبایە لەگەڵ ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە هێزی کار بەڕێژەی 16.5 لەسەد (دەستەی ئامار 2023). ئەمە وردتر باس دەکرێت لە بەشی شەشەم.


**شێوەی 2: تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت**







سەبارەت بە دابەشکاری لەسەر ئاستی پارێزگا بۆ تۆمارکردنی کرێکاران، شێوەی 3 ئاماژەیە بۆ تۆمارکردنی کرێکاران لەسەر ئاستی پارێزگا لە عێراقی فیدراڵ و تیشک دەخاتە سەر بەرزبوونەوەی بەردەوام لە ساڵی (2021)ەوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرچاو لە ساڵی 2024، بەتایبەتی بەرزبوونەوە لە بەغداد، کەرکوک و نەجەف لە ساڵی 2024. بەغداد بەشێوەیەکی بەرچاو پێشەنگە لە تۆمارکردنی کرێکار و بازێکی گەورە نیشان دەدات لە ساڵی 2024. هەروەها بەسرە و کەرکوک گەشەی بەردەوام و گەورەیان بەدیهێناوە. پارێزگا بچووکترەکانی وەک موسەننا، میسان و زیقار ژمارەی زۆر کەمتری تۆمارکردنیان هەیە، بەڵام مۆژدەی بەرزبوونەوەی قۆناغ بە قۆناغ هەیە. ئەگەرچی لە شێوەی خوارەوە بەڕوونی دیار نییە، بەڵام کەربەلا ئاراستەیەکی نائاسایی هەیە: لە ساڵی 2023 تۆمارکردن گەیشتە لوتکە پاشان لە 2024 دابەزی.

**شێوەی 3: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق، بەپێی پارێزگا، 2024-2021**





شێوەی 4 ئاماژەیە بۆ تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا یان ناوچە. فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان هەڵەبجەی سەربەخۆ هەژمار نەکردوە بۆ تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەگەڵ سلێمانی بەڕێوەدەبرێت، لەبەرئەوە لەژێر یەک ناونیشان دانراون. هاوکات، لە ساڵی (2023)ەوە فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، داتاکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەجیا لە هەولێر بەڕێوەدەبات (کە پێشتر بەشێک بوو لە هەولێر). ئەم شێوەیە نیشانی دەدات کە بەرزبوونەوەی گشتی و بەردەوام هەیە لە هەموو پارێزگا و ناوچەکان، هەولێر پێشەنگە و سلێمانی تێپەڕاندوە لە ساڵی 2022 و دهۆک بەرزبوونەوەیەکی هێواشی هەیە لە تۆمارکردن.

شێوەی 4: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا/ناوچە، 2024-2021




شێوەی 5 بیرۆکەیەکی گشتی دابین دەکات دەربارەی ژمارەی ئافرەی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ. لەکاتێکدا هەموو پارێزگاکان ئەزموونی بەرزبوونەوەیان کردوە لەنێوان 2021 و 2024، بەغداد بەشێوەیەکی بەرچاو پێشەنگە لە زۆرینەی ژمارەی ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت کە لە ساڵی 2024 گەیشتە 32,976.


شێوەی 5: ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021







شێوەی 6 ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی گشتی لە تۆمارکردنی ئافرەتان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لەنێوان 2021 و 2024، کە هەولێر لە ساڵی (2023)ەوە پێشەنگە و سلێمانی تێپەڕاندوە، پاشان لە ساڵی 2024 ژمارەکە گەیشتوتە 17،237 ئافرەتی تۆمارکراو. بۆ باشتر تێگەیشتن لە پشکی تۆمارکردنی ئافرەتان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، دوو شێوە پێشکەش دەکرێن بۆ هەر یەکێک لە ناوچەکان: شێوەی 7 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەتان لە عێراق بەپێی پارێزگا و شێوەی 8 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا.

شێوەی 6: ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021





شێوەی 7: ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدی)



شێوەی 7 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەراورد بە کۆی کرێکاری تۆمارکراوی نێر و مێ، لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت. بەغداد بەردوام پێشەنگە بەڕێژەی زیاتر لە 15 تا 20 لەسەد تۆمارکردنی ئافرەتان، ئەگەرچی لە ساڵی 2023 دابەزی بەڵام دواتر لە ساڵی 2024 بەرزبووەوە. هاوکات نەینەوا ڕێچکەیەکی هاوشێوەی هەیە، ئەگەرچی تارادەیەک پشکی ئافرەتان نزمترە بەڕێژەی 11 تا 13 لەسەد. ڕێژەکانی بەشداری ئافرەتان لە موسەننا، بابل و سەلاحەدین گەیشتە 9 لەسەد لە ساڵی 2024، لەگەڵ هەندێک بەرزبوونەوەی بەرچاو لە سەلاحەدین و موسەننا. زۆربەی پارێزگاکان هێشتا ڕێژەکانیان کەمترە لە 6 لەسەد لە پشکی ئافرەتان لە کۆی تۆمارکردن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەربەستی پەیکەریی یان کۆمەڵایەتی بۆ کارکردن و/یان تۆمارکردن.

وەک لە شێوەی 8 دەبینرێت، پشکی ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەرزبۆتەوە. سلێمانی پشکێکی بەرزتری هەیە لە پشکی ئافرەتان بەڕێژەی 22 لە سەد لە کۆی تۆمارکراوان. لە ساڵی (2023)ەوە سۆران (ئیدارەی سەربەخۆ) پشکی زیاتری ئافرەتانی تۆمارکردووە لەنێوان 22 و 25 لەسەد. لە ساڵی 2021-2023 هەولێر بەرزبوونەوەی تۆمارکردوە پاشان کەمێک دابەزیوە و ڕێژەکە گەیشتۆتە 11.84 لەسەد، لەکاتێکدا دهۆک پێدەچێت لە 11 لەسەد چەقی بەستبێت.


شێوەی 8: ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2021-2024 (ڕێژەی سەدیی)




شێوەی 9 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەتان لە کۆی تۆمارکراوان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی ساڵ. دابەزینێکی کەم هەیە لە ساڵی 2023، بەگشتی پشکی ئافرەتانی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هێشتا لە خوار ڕێژەی بەشداری ئافرەتانە لە هێزی کار، بە ڕێژەی 9.6 لەسەد بەپێی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021.




شێوەی 9: پشکی ئافرەتان لە کۆی کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2021-2024 (ڕێژەی سەدیی)




شێوەی 10 تیشک دەخاتە سەر بەرزبوونەوەی قۆناغ بەقۆناغی پشکی ئافرەتان لەوانەی تۆمارکراون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەرزبوونەوەی لە 14.43 لەسەد لە 2021 بۆ 17.76 لەسەد لە 2023، پێش جێگیربوون لە 17.91 لە 2024.

شێوەی 10: پشکی ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2021-2024 (ڕێژەی سەدیی)




## 2.2 تۆمارکردن و سڕینەوەی نوێی کرێکاران بۆ هەر ساڵێک لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت


ساڵانە فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، کرێکاری نوێ تۆماردەکەن وەک بەشداری کارا، هەروەها کرێکاری تر دەسڕنەوە لە باری بەشداری کارا. هۆکارەکانی تۆمارکردنی نوێ بریتین لە:کرێکاران کاری نوێی

فەرمیـی دەدۆزنـەوە لـە کەرتـی تایبـەت، دووبـارە تۆماردەکرێنـەوە وەک بەشـداری کارا پـاش سڕینـەوەی پێشـتر، تۆمارکردنـی خاوەنـکار دەبێتـە هۆی تۆمارکردنـی نوێـی کرێـکار، یـان بـەهۆی فەرمانـی ڕاسـتکاری کارگێڕیـی یـان دادوەریـی یـان یاسـایی. هۆکارەکانـی سڕینـەوە بـریتین لـە: کۆتایهاتنـی کار یـان گرێبەست، داخـستن یـان هەڵوەشـاندنەوەی تۆمارکردنـی خاوەنـکار، سڕینـەوەی خۆبـەخش بۆ مەبەسـتی دووبـارە تۆمارکردنـەوە لـە بەرنامـەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبەتـی بژاردەیـی کـە لـە خـوارەوە باسـکراوە، یـان خانـەشین بـوون، کەمئەندامیـی یـان مـردن، کۆچکـردن، ڕاسـتکاری کارگێڕیـی یـان دووبارەبوونـەوە یـان پابەندنەبـوون یـان پێشێلـکاری تـر.

پاڵنەرەکانـی تـر بۆ سڕینـەوە بـریتین لـە وەرگرتنـی سـوودەکان بەشێـوەی پـارەی مۆڵ هەتـا تشـرینی دووەمـی 2023، کـە پـاش ئـەوە یاسـای ژمـارە (18) دەستگەیشتنـی کرێکارانـی ڕاگـرت بـە وەرگرتنـی پـارەی مۆڵ پـاش کشـانەوەیان لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی. ئێستـا تەنهـا ڕێگـەدەدرێت بـە وەرگرتنـی موچـەی مانگانـەی خانەنشینـی پـاش خانـەنشین بـوون. بـەڵام هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی یاسـای کۆنی ژمـارە (4)ی سـاڵی 2012 کاردەکات. ئـەم یاسـایە ئێسـتا ڕێگـە بـە کرێـکاران دەدات پـارەی مۆڵ وەربگـرن کـە بڕەکـەی یەکسـانە بـە موچـەی دوو هەفتـە بۆ هـەر سـاڵێکی خزمـەت، ئەگـەر کرێـکار بکشێتـەوە پێش شـایستەبوون بۆ خانەنشینـی. ژمـارەی ئـەو کرێکارانـەی ئـەم سـوودانەی کۆتایـی خزمـەت لـە هەرێمـی کوردسـتـان وەردەگـرن لـە بڕگـەی 4.5 زیاتـر بـاس دەکـرێت.

شێـوەی 11 نیشـانی دەدات کـە سـەلاحەدین، بەغـداد و کەرکـوک پێشـەنگن لـە تۆمارکردنـی کرێـکاری نـوێ، سـاڵانە پشـکەکانیان بەرزدەبێتـەوە و گەیشتۆتـە بەرزتـرین ئاسـتـی پێوانەیـی: 63،265 کرێـکاری نـوێ لـە سـەلاحەدین لـە سـاڵی 2024، 37،954 کرێـکاری نـوێ لـە کەرکـوک لـە سـاڵی 2024، هەروەهـا 48،915 کرێـکاری نـوێ لـە بەغـداد لـە سـاڵی 2023. جێگـەی سـەرنجە کـە بەغـداد دابەزینێکـی زۆری هەبـوو لـە تۆمارکردنـی نـوێ، کـە ئەمـە تەبـا نییـە لەگـەڵ داتاکانـی شێـوەی 3 کـە بەرزبوونـەوەی بەرچـاو نیشـان دەدات لـە تۆمارکـردن لـە سـاڵی 2024. ئەمـە پێویسـتـە لـە توێژینەوەکانـی داهاتـوو روون بکرێتـەوە. نەینـەوا و بەسـرە سـاڵانە لەنێـوان 16،00 و 27،000 کرێـکاری نوێیـان تۆمارکـردوە، بەمـە پشـکی سـاڵانەیان بەرزبۆتـەوە. تۆمارکردنـی نـوێ لـە پارێزگاکانـی تـر نزمتـر بـووە و دابەزیـوە، وەک میسـان، دیوانیـە و موسـەننا.

شێـوەی 11: کرێکاری تۆمارکراوی نوێ لە دەستەبـەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2021-2024







شێـوەی 12 نیشـانی دەدات کـە دهۆک بـە کۆی 8،440 و سـلێمانی و هەڵەبجـە بـە کۆی 5،984 پێشـەنگن لـە تۆمارکردنـی نـوێ لـە سـاڵی 2021، پـاش ئـەوان هەولێـر بـە کۆی 3،712 تۆمارکردنـی نـوێ. بـەڵام لـە 2023 هەولێـر بەخێرایـی دهۆک و سلێمانی و هەڵەبجـەی تێپەڕانـد و گەیشتـە لوتکـە بـە کۆی 27،266 تۆمارکردنـی نـوێ و پاشـان لـە 2024 دابـەزی.

شێوەی 12: کرێـکاری تۆمارکراوی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2021-2024





شێـوەی 13 نیشـانی دەدات کـە سڕینـەوەی کرێـکاران لـە بـاری بەشـداری چـالاک لـە هەمـوو عێـراق بەرزبۆتـەوە لەمـاوەی 2021-2024. سڕینـەوەی نـوێ بەرزتـرین بـوو لـە سـەلاحەدین و بەغـداد، ئەگەرچـی لـە بەغـداد ڕێژەکـە دابـەزی لـە 2024. چەنـد پارێزگایەکـی وەک میسـان و بابـل نزیکـەی هیچ سڕینەوەیەکیـان تۆمـار نەکـردوە، ئەمـەش ئاماژەیـە بۆ هەبوونـی ئاستـەنگ لـە نوێکردنـەوەی تۆمـارە کارگێڕییـەکان.

شێوەی 13: کرێکاری سڕاوەی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق فیدراڵ، 2021-2024



شێـوەی 14 تیشـک دەخاتـە سـەر سڕینـەوەی نوێـی سـاڵانەی کرێـکار لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتان. دهۆک پێشـەنگە لـە سڕینـەوەی نـوێ بـە کۆی 3،654 کرێـکاری سڕاوە لـە سـاڵی 2021، پاشـان سـلێمانی و هەڵەبجـە بـە کۆی 3،255 کرێـکاری سڕاوە لـە سـاڵی 2021. لـە سـاڵانی دواتـردا سـلێمانی و هەڵەبجـە دەبنـە پێشـەنگ لـە سڕینـەوەی کرێکار بـە کۆی 10،802 کرێـکاری سڕاوە لـە سـاڵی 2024. دهۆک ڕێچکەیەکـی نائاسـایی هەیـە لـە سڕینـەوەی کرێـکار، لـە سـاڵی 2022 تەنهـا 492 کرێـکار سڕاوەتـەوە و لـە سـاڵی 2023 بەرزبۆتـەوە بۆ 7،568 پاشـان لـە 2024 دابەزیـوە بۆ 6،937 کرێـکاری سڕاوە. هەولێـر ژمـارەی سڕینـەوەی کرێـکاری سـنووردارە بـەڵام بەردەوامـە لـە زیادبوون.


شێـوەی 14: کرێکاری سڕاوەی نوێ لـە دەستەبەری کۆمەڵایەتـی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021




شێـوەی 15 ئاماژەیـە بۆ گۆڕانـی پەتیـی سـاڵانە لـە تۆمارکـردن و سڕینـەوەی بـاری بەشـداری چـالاک. نیشـانی دەدات لەکاتێکـدا بەگشـتی بەرزبوونـەوە هەیـە لـە گۆڕانـی پەتیـی لەسەرانسـەری وڵات لـە 2024-2021، بـەڵام لـە سـاڵی 2023 جێگیربـوو لـە 55،427 و پاشـان لـە سـاڵی 2024 کەمێـک دابـەزی بۆ 45،247. ئەگەرچـی بەسـرە بەرزتـرین ژمـارەی گۆڕانـی پەتیـی هەبـوو لـە 2021 بـە ژمـارەی 6،295 کرێـکار، بەغـداد لـە نێـوان 2022-2023 بـووە پێشـەنگ پاشـان لـە 2024 دابـەزی. بابـل ئاماژەیـە بۆ ڕێچکەیەکـی بـەردەوام و هێـواش لـە گۆڕانی پەتیی و گەیشتە 8،062 لە سـاڵی 2024، بـەڵام کەرکوک بازێکـی لەنـاکاوی هەڵـدا لـە بەرزبوونـەوەی پەتیـی تۆمارکـردن و بـووە پێشـەنگی هەمـوو پارێزگاکانـی تـر لـە سـاڵی 2024 بـە ژمـارەی 14،792 کرێـکار. ئـەم بەرزبوونەوەیـە زیاتـر پەیوەسـتە بـە پێکهێنـان و کارکردنـی لیژنەیەکـی سێ لایـەن کـە ئەندامـەکان هاوکارییـان دەکـرد بۆ تۆمارکردنـی کرێـکاران. کەرـەلا ئەدایەکـی ناوەندیـی هەیـە بـەراورد بـە پارێزگاکانـی تـر لەگـەڵ بەرزبوونەوەیەکـی کـەم لەنێـوان 2021-2023 و پاشـان کەمبوونـەوەی پەتیـی لـە سـاڵی 2024 بـە ژمـارەی 4،550 کرێـکار.




شێـوەی 15: گۆڕانـی پەتیـی لە تۆمارکـردن و سڕینـەوەی کرێکاران لـە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021




شێـوەی 16 ئاماژەیـە بۆ گۆڕانـی پەتیـی سـاڵانە لـە تۆمارکـردن و سڕینـەوەی کرێـکاران لـە هەرێمـی کوردسـتان، نیشـانی دەدات کـە ئاراسـتەی گشـتی بەرزبوونـەوە هەیـە لـە 9،634 کرێـکار لـە 2021 بۆ 29،307 کرێـکار لـە 2023، پاشـان لـە سـاڵی 2024 دابـەزی بۆ 17،357 کرێـکار.

شێـوەی 16: گۆڕانـی پەتیـی لە تۆمارکـردن و سڕینـەوەی کرێکاران لـە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021





## 2.3 تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی

مـاددەی 68 لـە یاسـای ژمـارە (18)ی عێراقـی فیـدراڵ، بژاردەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بۆ خانەشنینـی بژاردەیـی (خۆبەخش) دەدات. ئـەم پـرۆژە بژاردەییـە کراوەیـە بۆ هاووڵاتـی عێراقـی، کەسـانی نیشتەجێـی خـودکار یـان خاوەنـکار کـە 1) لـە کاری فەرمیـدا کارناکـەن و بڕیـاردەدەن خۆبەخشـانە بچنـە نـاو دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی؛ 2) کەسـانی تـا تەمەنـی 50 سـاڵ کـە تەنـدروستن و ڕازین بـە پارەدانـی بەشـداریی؛ و 3) ئـەو کەسـانەی بـەلای کەمـەوە سێ سـاڵ خزمەتـی گشـتی یـان تایبەتـی ڕووماڵکراویـان هەیـە و دەتـوانن بەشـداری بکـەن پـاش تەمەنـی 50 سـاڵی بەپێـی ڕێسـا پەسـەندکراو


لەلایـەن دەسـتـەوە. ئـەم پـرۆژە بژاردەییـە سـوود (دەرماڵـەی) بێکاریـی نـادات، بـەڵام ڕووماڵ دابین دەکات بۆ پێکانـی کار یـان نەخۆشیـی، سـوودەکانی نەخۆشییـە پیشـەییەکان، سـوودەکانی دایکایەتـی و بیمـەی تەندروستـی. فەرمانگـەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە ساڵی 2024 دەستیکـرد بـە تۆمارکردنـی کرێـکاران لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بژاردەیـی. لـە هەرێمـی کوردسـتـان یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2012 پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بژاردەیـی لەخۆدەگـرێت. بـەڵام لـە کـرداردا، پرۆژەکـە هـەرگیز جێبـەجێ نەکـراوە و وردەکارییەکانـی ڕووماڵکـردن هێشتـا دیـاری نەکـراون.

شێـوەی 17: کۆی کرێـکاری تۆمارکـراو لە پـرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتـی تایبەتی بژاردەیی، بەپێی ڕەگەز، 2024




شێـوەی 17 تیشـک دەخاتـە سـەر کۆی ژمـارەی کرێـکاری تۆمارکـراو لـە پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتی تایبەتـی بژاردەیـی، کـە لـە سـەرەتای سـاڵی 2024 ڕاگەیەنـدرا. کۆی 20،406 کرێـکاری تۆمارکـراون و سێ لـە چواریـان پیـاون. جێگـەی سـەرنجە کـە تێـکڕای بەشـداری ئافرەتـان نوێنەرایەتـی یـەک لـە چـواری کۆی تۆمارکـراون دەکات لـە پـرۆژە بژاردەییەکـە، پشـکێکی بەرزتـر لەوانـەی تۆمارکـراون لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت، وەک باسـکرا لـە شێـوەی 1 و بـەراورد بـە ڕێژەکانـی بەشـداری هێزی کاری مێینـە لـە ڕووپێـوی هێزی کاری عێـراق 2021.


شێوەی 18: تۆمارکردن لە پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی، هەموو عێراقییەکان، بەپێی پارێزگا یان شوێن، 2024






شێـوەی 18 ئاژامەیـە بۆ تۆمارکردنـی کرێـکاران لـە پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبەتـی بژاردەیـی بەپێـی پـارێزگا. بەغـداد زۆر لەپێشـە بـە ژمـارەی زیاتـر لـە 9،000 تۆمارکـردن، لەکاتێکـدا بابـل، نەینـەوا، بەسـرە و نەجـەف لەنێـوان یـەک تـا دوو هـەزار کرێـکاری تۆمارکراویـان هەیـە. تۆمارکـردن لـە هەمـوو پارێزگاکانـی تـر کەمتـرە لـە هـەزار کرێـکار. جێگـەی سـەرنجە کـە فەرمانگـەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی هەژمـاری تۆمارکردنـی کرێکارانـی کـردوە لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتـان و دەرەوەی عێـراق.

شێوەی 19: ئافرەتی تۆمارکراو لە پرۆژەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی بژاردەیی، بەپێی پارێزگا، 2024




شێـوەی 19 پشـکی ئافرەتـی تۆمارکـراو لـە پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبەتـی بژاردەیـی بۆ هـەر پارێزگایـەک نیشـان دەدات. بەگشتـی بەشـداری ئافرەتـان لـە پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بژاردەیـی بەرزتـرە لـە پشـکەکانی بەشـداری ئافرەتـان لـە هێزی کار. ئەگەرچـی کۆی ژمارەکانـی تۆمارکردنی کرێـکاران لـە پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبەتـی بژاردەیـی نزمن لـە هەرێمـی کوردسـتـان، پشـکی بەشـداری ئافرەتـان لـە هەرێمـی کوردسـتـان بەگشتـی بەرزتـرە، لەگـەڵ ئافرەتـی عێراقـی لـە دەرەوە. پێنج پـارێزگای بەغـداد، سـەلاحەدین، قادسیـە، زیقـار و میسـان، لەنێـوان 25 تـا 30 لەسـەد بەشـداری ئافرەتیـان هەیـە، لەکاتێکـدا ڕێژەی پارێزگاکانـی تـر نزمتـرە لـە 25 لەسـەد و نزمتـرین ڕێژە لـە موسـەننا و نەینەوایـە.


## 2.4 کرێکاری کۆچبەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی عێراق

یاسـای ژمـارە (18)ی عێـراق ڕێگـەدەدات بـە تۆمارکردنـی کرێـکاری کۆچبـەر لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت. بـەڵام، بەپێـی یاسـا نوێیەکـە، لـە عێراقی فیـدراڵ کرێـکاری کۆچبـەر ناتوانن نـە بەشـدارییەکانیان وەربگرنـەوە لەکاتـی جێهێشتنـی وڵات و نـە دەستیـان بگات بـە سـوودە درێژخایەنەکانـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی ئەگـەر لـە عێـراق نەمێننـەوە پـاش خانـەنشین بـوون، کـە ئەگـەری مانەوەیـان زۆر کەمـە. لـە کـرداردا، فەرمانگـەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە بەغـداد، بەشێوەیەکـی هەڕەمەکـی ڕێگەنـادات بـە کرێـکاری کۆچبـەر سـوودەکانی کۆتایـی مـاوەی کارکـردن وەربگـرن. لـە هەرێمـی کوردسـتـان یاسـای ژمـارە (18) جێبـەجێ ناکـرێت، بەڵکـو یاسـای کۆنـی ژمـارەی (30) جێبـەجێ دەکـرێت، بەپێـی یاسـا کرێـکاری کۆچبـەر دەتـوانن سـوودەکانی کۆتایـی مـاوەی کارکـردن وەربگـرن. هـاوکات عێـراق


هیچ یاداشتێکی لێکتێگەیشتن یان ڕێککەوتنامەی دوولایەنەی واژۆ نەکردوە لەگەڵ وڵاتانی ڕەسەن پەیوەست بە گواستنەوەی سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. دواجار، لەبەرئەوەی سوودە کورتخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هێشتا بەتەواوی جێبەجێ ناکرێن، کاریگەریی و دادپەروەری سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق بۆ داواکردنی بەشداریی لە کرێکاری کۆچبەر لەژێر پرسیاردایە، تەنانەت ئەگەر بتوانن سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەربگرن. سەرەڕای ئەوەش، بەشدارییەکانی کرێکاری کۆچبەر سەرچاوەی دارایی دابین دەکات بۆ سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق بەبێ دروستبوونی بەرپرسیارێتی یاسایی دوورمەودا لەسەر دەوڵەت.

شێوەی 20 تیشک دەخاتە سەر تۆمارکردنی کرێکاری کۆچبەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەراورد بە کرێکاری عێراقی. فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ جیاوازی دەکات لەنێوان "بیانیی" و "عەرەب"ی دەرەوەی عێراق کە تەنها کەمینەیەکی بچووک پێکدەهێنن. بۆ مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە، کرێکاری کۆچبەر پێکدێت لەوانەی کە عەرەب و نەتەوەی ترن. جیاوازییەکە هیچ ئاکامێکی کردەیی یاسایی نییە پەیوەست بە دەستگەیشتن بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەم ساتەدا. کۆی ژمارەی کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەردەوام بەرزبۆتەوە لە 3،526 لە ساڵی 2021 بۆ 10،576 کرێکار لە ساڵی 2024. واتا پشکی کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەراورد بە کۆی کرێکاران بەرزبۆتەوە لە 1.7 لەسەد لە ساڵی 2023 بۆ 2.2 لەسەد لە ساڵی 2024 لە عێراقی فیدراڵ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بڕگەی 6.1 کە بەراوردی ئەم داتایانە دەکات لەگەڵ داتاکانی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق لە 2021. بەگشتی، بەرزبوونەوەی قۆناغ بەقۆناغی ڕووماڵی کرێکاران لە ساڵانی ڕابوردو، ئاماژەیە بۆ پێداویستی بۆ باشترکردنی دەستگەیشتنی کرێکاری کۆچبەر بە سندوقەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی چاکسازی یاسایی و ڕێکارییەوە. جێگەی سەرنجە کە لە ساڵی 2024، فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتیداوە لەسەر ئەو کرێکارانەی بنەچە (وڵاتی ڕەسەن) یان تۆمارنەکراوە، ئەمەش پێشنیازی هەبوونی کەلێن دەکات لە دۆکیومێنتکردنی پرۆسەکانی تۆمارکردنی کرێکاران.

شێوەی 20: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەسەن، 2024-2021





شێوەی 21: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕەسەن، 2024-2021




فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوون دەکات بۆ ژمارەی کرێکاری "ناوخۆیی" و "بیانیی" کە لەم ڕاپۆرتەدا کرێکاری بیانیی وەک کرێکاری کۆچبەر ناودەبرێت. شێوەی 17 بەرزبوونەوەی هاوشێوە نیشان دەدات لە ژمارەکانی تۆمارکردنی کرێکاری ناوخۆیی و کۆچبەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ژمارەی کرێکاری کۆچبەر لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ڕەها و ڕێژەیی زۆر بەرزترە – ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکاری کۆچبەر لەناو هێزی کاری هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراقی فیدراڵ.

شێوەی 22 ئاماژەیە بۆ ژمارەی کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی پارێزگا لەنێوان 2021 و 2024. بەغداد بەڕێژەی زۆر پێشەنگە لە هەر یەکێک لە ساڵەکان و بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەدیهێناوە لە ساڵی 2024 و گەیشتۆتە 6،933 کرێکاری کۆچبەر. کەربەلا و بەسرە دوای ئەو دێن بە ژمارەکانی 1،095 و 901 کرێکاری کۆچبەر لە ساڵی 2024. لە پارێزگاکانی تر، کەمتر لە 400 کرێکاری کۆچبەر تۆمارکراون لە ساڵی 2024.

شێوەی 22: کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021




شێـوەی 23 تیشـک دەخاتـە سـەر ژمـارەی کرێـکاری کۆچبـەری تۆمارکـراو لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت بەپێـی ناوچـە لـە هەرێمـی کوردسـتـان بۆ هەمـان مـاوە. هەولێـر بـە ڕێژەیەکـی زۆر پێشـەنگە بـە 4،287 کرێـکاری کۆچبـەر لـە 2021 و 24،651 کرێـکاری کۆچبـەر لـە 2024 – تەنانـەت زۆر زیاتـر لـە بەغـداد، وەک لـە شێـوەی 22 دیـارە. هەمـوو ناوچەکانـی تـری هەرێمـی کوردسـتـان، لەوانـە سـلێمانی، هەڵەبجـە، دهۆک و سۆران ژمـارەی نزمتـری تۆمارکردنـی کرێـکاری کۆچبەریـان هەیـە.

شێوەی 23: کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021




شێـوەی 24 ئاماژەیـە بۆ پشـکی کرێـکاری کۆچبـەر لـە 2024-2021 لـە پـارێزگا جیـاوازەکان. ئـەم پشـکانە بەپێـی سـاڵەکان و لـە پـارێزگا جیـاوازەکان دەگۆڕێن، بـەڵام جێگـەی سـەرنجە ئـەو پارێزگانـەی بەرزتـرین پشـکی کرێـکاری کۆچبەریـان هەیـە بـریتین لـە موسـەننا بـە ڕێژەکانـی 5.49 لەسـەد لـە 2021 و 6.87 لـە سـاڵی 2022، کەربـەلا بـەڕێژەی 5.69 لەسـەد لـە 2022 و 5.60 لەسـەد لـە سـاڵی 2024، پاشـان بەغـداد بـە ڕێژەی 2.61 لـە سـاڵی 2021 و 3.69 لـە سـاڵی 2024.

شێوەی 24: کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی)







پشـکی کرێـکار کۆچبـەری ئافرەتـی تۆمارکـراو لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت لـە عێراقـی فیـدراڵ دەگاتـە 32 لەسـەد. بـەڵام هەندێـک تایبەتمەنـدی هەیـە: جگـە لـە بەغـداد، ژمـارەی کرێـکاری کۆچبـەری ئافرەتـی تۆمارکـراو لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی نزمتـرە لـە سـەد ئافـرەت (جگـە لـە بەسـرە لـە سـاڵی 2024 کـە 111 کرێـکاری کۆچبـەری ئافرەتـی تۆمارکـرد). بەغـداد ئەزموونـی بەرزبوونـەوەی قۆنـاغ بەقۆناغـی کـردوە لـە تۆمارکردنـی ئافرەتـان لـە 1،797 لـە سـاڵی 2021 بۆ 2،810 لـە سـاڵی 2024. سـەرەڕای ئـەوەش، تۆمـارەکان نیشـانی دەدەن کـە ڕەچەڵـەک (وڵاتـی ڕەسـەن)ی 4،327 کرێـکاری تۆمارکـراو نەزانـراوە، لەبەرئـەوە دەشێت کرێـکاری کۆچبـەری ئافرەتـی زیاتـر تۆمارکـرابن.


سـەربارەت بـە هەرێمـی کوردسـتـان، شێـوەی 25 پشـکی تۆمارکردنـی کرێـکاری کۆچبـەر نیشـان دەدات بـەراورد بـە کۆی تۆمارکـردن. لـە سـاڵی 2024، کرێـکاری کۆچبـەر پێکهێنـەری 15 لەسـەدی کۆی تۆمارکردنـەکان بـوون – زیاتـر لـە دوو هێنـدەی بەرزتـرین ڕێژەی تۆمارکـراو لـە پارێزگاکانـی عێراقـی فیـدراڵ. هەولێـر پێشـەنگ بـوو بـە ڕێژەی 11.42 لەسـەد لـە 2021 و ژمارەکـە گەیشتـە لوتکـە بـە ڕێژەی 26.58 لەسـەد لـە سـاڵی 2023، پاشـان دابەزینێکـی کـەم بۆ 24.06 لەسـەد لـە سـاڵی 2024. ناوچەکانـی تـر ڕێژەی نزمتریـان هەیـە.

شێوەی 25: کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی)




شێـوەی 26 ئاماژەیـە بۆ پشـکی ئافرەتـان لـە کرێـکاری کۆچبـەری تۆمارکـراو لـە هەرێمـی کوردسـتـان. سـلێمانی و هەڵەبجـە بەرزتـرین ڕێژەی کرێـکاری کۆچبـەری تۆمارکـراوی ئافرەتیـان هەبـوو لـە سـاڵی 2024 بـە ڕێژەی 24.55 لەسـەد، لەکاتێکـدا ڕێژەی کۆی هەرێمـی کوردسـتـان 17.47 لەسـەد بـوو لـە سـاڵی 2024. بەگشتـی ژمـارە ڕەهاکانـی کرێـکاری کۆچبـەری نێـر و مێ بـەردەوام بەرزتـر بـوون لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـە عێراقـی فیـدراڵ، بەتایبەتـی لـە هەولێـر و سـلێمانی. بـەڵام پشـکەکانی ژمـارەی کەمـی کرێـکاری کۆچبـەری ئافرەتـی تۆمارکـراو لـە عێراقـی فیـدراڵ بەرزتـر بـوو، لەوانەیـە بـەهۆی ئـەوەی هەوڵەکانـی تۆمارکردنـی کرێـکاری کۆچبـەر ئەولەویەتـی پێـدراوە.

شێوەی 26: کرێکاری کۆچبەری ئافرەتی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2021-2024 (ڕێژەی سەدیی)




## 2.5 بۆچوونەکانی کرێکاران دەربارەی تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت

بۆچوونی کرێکار دەربارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سیستماتیک ڕووپێو نەکراوە. بەڵام ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO)، هەندێک زانیاری دەستکەوتووە لەڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەندیکا پیشەییەکان و دامەزراوەی پەرەپێدانی دەرەکیی (ODI). دوو ڕووپێو ئەنجامدران بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی کرێکاران، یەکێک جەختی لەسەر بەغداد و بەسرە بوو، و ئەوی تر لەسەر کەرتەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی و بیناسازی بوو. چاوپێکەوتن لەگەڵ هەواڵدەری سەرەکیی ئەنجامدرا لەناو کرێکارانی بیناسازی، کشتوکاڵ و پیشەسازی، بە هاوکاری (ODI) (أ، ب، ج (ILO) و (ODI) بەم نزیکانە) [3]. هەروەها ڕووپێوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەنجامدرا لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) لە 2024-2025 لەگەڵ 300 کرێکاری کەرتی فەرمیی لە بەغداد و بەسرە و داتاکان لەلایەن ڕێکخراوی (CRSM) کۆکرایەوە ((CRSM) و (ILO)، بەم نزیکانە). ئەم بۆچوونانە لەسەر بنەمای توێژینەوەی جۆرین و ئامانجیان نوێنەرایەتیکردنی هەموو کرێکاران نییە. بەڵام تێگەیشتنی قووڵ دابین دەکەن و یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ شرۆڤەکردنی ئەنجامە هەڵهێنجراوەکان لە داتا کارگێڕییەکانەوە.

### ڕووپێوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە بەغداد و بەسرە

**تێگەیشتن و بۆچوون دەربارەی یاسای ژمارە (18):** تەنها 17 لەسەدی بەشدارانی ڕووپێوەکە زانیاری تەواویان هەبوو دەربارەی یاسای ژمارە (18) و 19 لەسەد زانیاریی کەمیان هەبوو. لەناو ئەوانەدا کە هەر جۆرێک زانیارییان هەبوو، 92 لەسەد بۆچوونیان ئەرێنیی بوو لەسەر چاکسازییەکان.

3. زانیاری زیاتر بەردەستە لەسەر وێبسایتی پلاتفۆرمی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) سەبارەت بە فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاری کشتوکاڵ، کرێکاری بیناسازی و کرێکاری نافەرمیی.

ئاستی هۆشیاری تاڕادەیەک لە بەغداد بەرزتربوو – 18 لەسەد زانیاری تەواویان هەبوو و 24 لەسەد زانیاری کەمیان هەبوو – بەراورد بە بەسرە کە تەنها 15 لەسەد زانیاری تەواویان هەبوو و 12 لەسەد زانیاری کەمیان هەبوو. جێگەی سەرنجە کە بۆچوونە ئەرێنییەکان لە بەغداد بەربڵاوتر بوون (97 لەسەد) بەراورد بە بەسرە (79 لەسەد).

**هۆشیاریی و ڕەزامەندی لە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** زرۆینەی زۆری کرێکاران (85 لەسەد) یان هاوڕان یان زۆر هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کاریگەریی ئەرێنیی هەیە لەسەر ئاسایش و ئەدای کار، لەکاتێکدا 14 لەسەد هیچ بۆچوونێکیان نەبوو. هۆشیاریی دەربارەی ماف و شایستەییە جیاوازەکان بەرزترین بوو دەربارەی خانەنشینییەکانی بەساڵاچوان (50 لەسەد)، بەدوای ئەودا بیمەی تەندروستی (15 لەسەد) و سوودەکانی بێکاریی (12 لەسەد). ئاستەکانی ڕەزامەندیی لەم خزمەتگوزارییانە بەگشتی بەرزبوون، 76 لەسەد وتیان ڕەزامەندن یان زۆر ڕەزامەندن و 19 لەسەد بێلایەن بوون. هەروەها 60 لەسەد ڕەزامەندیان دەربڕی لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ پابەندکردنی خاوەنکارەکان بە ئەرکە یاساییەکانی پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**بەربەست و ڕێگرییەکان:** ئاستەنگە سەرەکییە دیاریکراوەکان لەلایەن بەشدارانی ڕووپێوەکە بریتی بوون لە ڕێکارە ئاڵۆزە کارگێڕییەکان (33 لەسەد)، نەبوونی زانیاری پێویست (16 لەسەد) و پابەندنەبوونی خاوەنکار (7 لەسەد). ئافرەتان و کەسانی خاوەن کەمئەندامیی ئاماژەیاندا بە گرفتی زیاتر، وەک نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێگرن لە بەشداریکردنیان لە هێزی کاری فەرمیی و سنوورداری دەستگەیشتن بە زانیاری. لە ناوچە گوندییەکان، بەپێی دابونەریت پێویستە ڕەزامەندی پیاو هەبێت لەسەر تۆمارکردنی ئافرەتان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و زۆرجار خاوەنکارەکان هۆشیار نین یان بێباکن بەرامبەر سوودە تایبەتەکان بە ئافرەتان.

**پشێنیازەکان بۆ بەرەوپێشبردن:** کاتێک کرێکاران پرسیاریان لێکرا دەربارەی چۆنێتی بەهێزکردنی سیستمەکە، 20 لەسەد ڕاسپاردەی یەکخستنی پرۆسەی تۆمارکردنیان کرد، 17 لەسەد داوای هەڵمەتی هۆشیاریی زیاتریان کرد و 12 لەسەد پێشنیازی جێبەجێکردنی توندتری ڕێکارەکانیان کرد بەرامبەر خاوەنکارەکان.

### خانەی 1. لێکۆڵینەوەی کەیسی کرێکارانی بیناسازی، کشتوکاڵ و پیشەسازی

- "من بەرامبەر داهاتێکی کەم کاردەکەم. ناتوانم پارە بدەم لە داهاتی مانگانەم بۆ چەندین ساڵ. کێ زامنی ئەوە دەکات پارەکەم وەردەگرمەوە؟ "(چاوپێکەوتنی کەسیی - 6) (کرێکاری موچەخۆری پیشەسازی، بەسرە).
- ”لەڕاستیدا نازانم چۆن، لەکوێ و کەی دەبێت تۆمارکردن ئەنجام بدەم، دەبێت چەند پارە بدەم و ڕێگای تۆمارکردن چۆنە، لەبەرئەوە چۆن تۆمارکردن ئەنجام بدەم؟" (چاوپێکەوتنی کەسیی - 4) (کرێکاری موچەخۆری پیشەسازی، بەغداد).

# 3

# خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق

- "کەسەکان ڕووبەڕووی بەربەستی ڕۆتیناتی زۆر دەبنەوە، وەک بەسەربردنی چەندین ڕۆژ بۆ مامەڵەکردن و نووسراوە فەرمییەکان لە بەشەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە زۆرجار پێویست دەکات سەردانی چەندین نووسینگە بکرێت بۆ پرۆسەیەکی زۆر سادە." (چاوپێکەوتنی کەسیی - 1) (کرێکاری خودکاری پیشەسازی، هەولێر).
- ”هەوڵمدا لە ئەلسوەیرە خۆم تۆماربکەم (قەزایەک کە دەکەوێتە 55 کم باشوری بەغداد و بەشێکە لە پارێزگای بەغداد)، بەڵام دواتر فەرمانبەریک ناوی منی لە لیستەکەدا لابرد، لەبەرئەوەی داوای پارەی لێکردم بەرامبەر تۆمارکردن. [من پارەکەم نەدا]، پاشان ناوی منی سڕیەوە." (چاوپێکەوتنی کەسیی - 3) (کرێکاری بیناسازی، نێر، 21 ساڵ، نەخوێندەوار، ئەل-لەتیفیە، بەغداد).
- ”کەسێک لێرە دەستەبەر کرا و پارەی سێ مانگ بەشداریی دا. لەناکاو، خاوەنکارەکەی بڕیاریدا بیبڕێت. هەولیدا بزانێت هۆکارەکەی چییە، بەڵام گوێیان لێنەگرت، دواتر نەیدەزانی چی بکات." (چاوپێکەوتنی فۆکۆس گروپ - 1) (کرێکاری بیناسازی، هەولێر).
- ”داهاتی کەرتی کشتوکاڵ زۆر نزمە و هیچ قازانجێک ناکەین بۆ ئەوەی داهاتمان هەبێت و ڕێگەمان بدات پارەی بەشداریی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بدەین." چاوپێکەوتنی فۆکۆس گروپ لەگەڵ جوتیاران، بەغداد.
- ”چۆن دەتوانین دڵنیابین لەوەی ئەگەر ئێستا پارەی بەشداریی بدەین، لە داهاتودا سوودەکان وەردەگرین پاش شایستەبوونمان؟" چاوپێکەوتنی فۆکۆس گروپ، بەغداد.
- ”گرنگە سەرەتا تێبگەین لە ڕێکارەکانی سیستمەکە، لەوانە بەشداریکردن چۆن کاردەکات، بڕواهێنان بە کاریگەرییەکەی، ڕێژەی سەدیی گونجاوی بەشدارییەکان و مەودای سوودەکانی وەک خانەنشینی، مۆڵەتی نەخۆشی و کەمئەندامی. ئەمانە هێشتا روون نین. "چاوپێکەوتنی کەسیی لەگەڵ کرێکاری کشتوکاڵ کە کار بۆ هەژماری خێزان دەکات، هەولێر.

بۆ تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی ناچارەکیی، پێویستە خاوەنکاران سەرەتا تۆماربکرێن. لەبەرئەوە تۆمارکردنی خاوەنکار پێوەرێکی زۆر گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت. لە سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی عێراق، زاراوەی "پرۆژە" بەکاردێت بۆ تۆمارکردنی خاوەنکار. پرۆژە ئاماژەیە بۆ یەکە یان شوێنێکی ئابووری کارکردن کە پێویستی بە تۆمارکردن هەیە بەپێی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023 و یاسای کۆنی عێراق ژمارە (39)ی ساڵی 1971، هەروەها یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2012ی هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی یاساکە لە بنەڕەتدا ئاماژە دەدات بە "خاوەنکار" بەڵام فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زاراوەی "پرۆژە" بەکاردەهێنێت لە ڕێکارە کارگێڕییەکانیدا بۆ هەر قەوارەیەک – چ کۆمپانیا، کارگە، کێڵگە یان پرۆژەیەکی خێزانیی بێت – کە یەک کرێکار یان زیاتر بەکاردەخات و ئەرکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ بۆ تۆمارکردن و پارەدانی بەشداریی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەم دارشتنە زامنی ڕوونیی دەکات لە جێبەجێکردن، بەتایبەتی کاتێک ناسنامەی یاسایی خاوەنکار لەوانەیە جیاواز بێت لە یەکەی کارکردن کە بەکارخستن ئەنجام دەدات. بەکارهێنانی وشەی "پرۆژە" هاوکات تەبایە لەگەڵ چوارچێوەکانی پشکنینی کار و پابەندبوون، کە بەکاردەهێنرێن لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO)، لەم دۆخانەدا، بەگشتی زاراوەی "پێکهاتە" "دامەزراوە" یان "یەکەی ئابووری" بەکاردەهێنێت. بەڵام پرنسیپی بنەڕەتی هاوشێوەیە: دڵنیاییکردن لەوەی هەموو ئەو قەوارانەی کرێکاران بەکاردەخەن – بەدەر لە باری یاساییان – تۆماردەکرێن، چاودێری دەکرێن و پابەند دەبن بە ئەرکە یاساییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەم ڕێبازە تەبایە لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێککەوتنامەی ژمارە (102) و ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) بۆ گواستنەوە لە ئابووری نافەرمیی بۆ ئابووری فەرمیی، ژمارە (204)ی ساڵی 2015، کە هانی دەوڵەتە ئەندامەکان دەدات پیادەکردنی گشتگیر و نەرم پەیڕەوبکەن بۆ ڕێخۆشکردن بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەو دۆخانەدا کە ئاستی نافەرمییبوون زۆر بەرزە.


## 3.1 تۆمارکردنی خاوەنکار بەپێی جۆری ڕێکخراو، پارێزگا و ڕەگەز

فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ دۆکیومێنتی خاوەنکارەکان دەکات بەپێی جۆری ڕێکخراو، کە پێکدێت لە "دامەزراوە تایبەتەکان"، "دامەزراوە تێکەڵەکان"، "هەرەوەزییەکان"، "پرۆژە حکومییەکان"[4] و "پرۆژە دیارینەکراوەکان".

شێوەی 27 تۆمارکردنی کرێکار نیشان دەدات بەپێی جۆری ڕێکخراو. لە ساڵی 2024 دامەزراوە تایبەتەکان 84 لەسەد پێکدەهێنن، پاش ئەو "پرۆژە دیارینەکراوەکان"، پرۆژەکانی حکومەت، هەرەوەزییەکان و دامەزراوە تێکەڵەکان.


شێوەی 28 نیشانی دەدات کە تۆمارکردنی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ بەرزبۆتەوە لە 78،161 خاوەنکار لە 2021 بۆ 92،963 خاوەنکار لە 2024. بەغداد بەرێژەیەکی زۆر لەپێشە بۆ تۆمارکردنی خاوەنکار، بەڵام تەنها پارێزگایە کە ئەزموونی دابەزینی تۆمارکردنی کردوە لە ساڵی 2024، ئەگەرچی هێشتا لەپێشە بەراورد بە هەموو پارێزگاکانی تر. بەسرە، کەرکوک و نەجەف، لەنێوان پێنج تا دە هەزار خاوەنکاریان تۆمارکردوە لە ساڵی 2024، لەکاتێکدا هەموو پارێزگاکانی تر کەمتر لە پێنج هەزار خاوەنکاریان تۆمارکردوە لە ساڵی 2024.

شێوەی 27: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی جۆری ڕێکخراو، 2021-2024





4. ئەمە ئاماژەیە بۆ یەکە پەیوەستەکان بە حکومەت کە سیستمی دەستەبەری گشتیدا ڕووماڵ نەکراون.

شێوەی 28: خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2024-2021




شێوەی 29 نیشانی دەدات کە تۆمارکردنی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەردەوام و قۆناغ بەقۆناغ بەرزبۆتەوە لە 37,664 خاوەنکار لە 2021 بۆ 53,446 خاوەنکار لە 2024. هەولێر پێشەنگە، پاشان سلێمانی (لەگەڵ هەڵەبجە) و سۆران.

شێوەی 29: تۆمارکردنی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021







## 3.2 تۆمارکردن و سڕینەوەی نوێی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی ساڵ


شێوەی 30 ئاماژەیە بۆ خاوەنکاری تۆمارکراوی نوێ لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی ساڵ. نیشانی دەدات بەغداد بە ڕێژەیەکی زۆر پێشەنگە لە تۆمارکردنی نوێی خاوەنکار بۆ هەر ساڵێک، کە لە ساڵی 2024 گەیشتە 4,416 خاوەنکار. هەموو پارێزگاکان، جگە لە سەلاحەدین و قادسیە، بەرزبوونەوەی بەردەوامیان هەیە لە تۆمارکردنی نوێی خاوەنکار، بەڵام لە ساڵی 2024 سەلاحەدین لە پلەی دووەم هات پاش بەغداد بە ژمارەی 1,752 تۆمارکردنی نوێی خاوەنکار. چەند پارێزگایەکی تر، لەوانە بەسرە، نەجەف، کەرکوک، دیالە و قادسیە توانیان بەلای کەمەوە هەزار تۆمارکردنی نوێی خاوەنکار ئەنجام بدەن لە ساڵی 2024. موسەننا، واست و میسان کەمترین تۆمارکردنی نوێی خاوەنکاریان ئەنجامدا لە ساڵی 2024.

شێوەی 30: خاوەنکاری نوێی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021





شێوەی 31 تیشک دەخاتە سەر خاوەنکاری تۆمارکراوی نوێ لە هەر ساڵێدا لە 2024-2021 بە ژمارە یەک لەدوای یەکەکانی: (3,015)، (3,992) و (2,332)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەزین لە ساڵانی 2022 و 2024. سلێمانی (لەگەڵ هەڵەبجە) بەرزترین تۆماکردنی نوێیان هەبوو لە 2022 بە ژمارەی 2,500 خاوەنکار و ئەزموونی دابەزینی قۆناغ بە قۆناغیان کرد لە 2023 و 2024 و بەنزیکی لەدوای هەولێرەوە بوون.

شێوەی 31: خاوەنکاری نوێی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021




شێوەی 32 نیشانی دەدات کە سەلاحەدین پێشەنگە لە سڕینەوەی نوێی خاونکار لە 2024-2023 بە ژمارەی 1،308 خاوەنکاری سڕاوە لە 2024، پاشان قادسیە بە 782 و بەغداد بە 732 سڕینەوە لە ساڵی 2024. هەندێک پارێزگای وەک بابل و کەربەلا خاوەنکاریان نەسڕیەوە لە 2024-2023.


شێوەی 32: خاوەنکاری سڕاوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021





سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، شێوەی 33 نیشانی دەدات کە دهۆک پێشەنگە لە سڕینەوەی خاوەنکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بە ژمارەی 826 خاوەنکاری سڕاوە لە 2022 و 751 خاوەنکاری سڕاوە لە 2023. لە ساڵی 2024 سلێمانی پێشەنگ بوو بە 101 سڕینەوە.



شێوەی 33: خاوەنکاری سڕاوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021





شێوەی 34: گۆڕانی پەتیی خاوەنکار (نوێ یان سڕاوە) لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، 2024-2021




شێوەی 34 ئاماژەیە بۆ گۆڕانی پەتیی لە تۆمارکردن و سڕینەوەی نوێی خاوەنکار لەهەر ساڵێکدا. نیشانی دەدات کە بەغداد پێشەنگە بەردەوام دەستکەوتی ساڵانەی هەیە، لە ساڵی 2024 گەیشتە 3،684 خاوەنکار، پاش ئەو نەجەف بە 1،171 خاوەنکار لە 2024. هەموو پارێزگاکانی تر دەستکەوتی پەتییان کەمتر بووە لە هەزار خاوەنکاری نوێ لە 2024-2021.

شێوەی 35 ئاماژەیە بۆ گۆڕانی پەتیی لە تۆمارکردن و سڕینەوەی خاوەنکار لە هەرێمی کوردستان. بەگشتی زۆرترین دەستکەوتی پەتیی لە ساڵی 2023 بوو بە ژمارەی 6،485 خاوەنکار، هەولێر بەڕوونی پێشەنگە و کەمێک لەدوای ئەو سلێمانی (لەگەڵ هەڵەبجە) دێت.

شێوەی 35: گۆڕانی پەتیی خاوەنکار (نوێ یان سڕاوە) لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021





## 3.3 ژمارەی کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت


شێوەی 36 ئاماژەیە بۆ تێکڕای ژمارەی کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت. بەگشتی، بەرزبوونەوە هەیە لە تێکڕا (معدل)ەکە بە ڕێژەی 5.2 کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک لە ساڵی 2024. میسان، بابل، بەغداد، کەرکوک و بەسرە بەرزترین ڕێژەکانیان تۆمارکردوە لەنێوان شەش تا حەوت کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک، ئەمەش بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوە لەم ڕێژانەدا. پارێزگاکانی تری وەک زیقار، نەجەف و کەربەلا بەرزبوونەوەیان بەدیهێناوە لە ژمارەی کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک تا ساڵی 2023 و گەیشتوونەتە پێنج تا شەش کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک لە 2023، پاشان لە 2024 دابەزیوە بۆ چوار تا پێنج کرێکار بۆ هەر خاوەنکاریک. هەموو پارێزگاکانی تر ڕێژەی تاڕادەیەک نزمیان هەیە بۆ کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک، کەمتر لە 3.3.



شێوەی 36: تێکڕای ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2024-2021



شێوەی 37: تێکڕای ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پارێزگا، 2024-2021




شێوەی 37 تیشک دەخاتە سەر کرێکاری تۆمارکراو بۆ هەر خاوەنکارێک لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان. جێگەی سەرنجە کە هەولێر بە 2.27 کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک دەستپێکرد لە 2021 و بەرزبووەوە بۆ 4.15 کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک لە 2024. بەپێچەوانەوە سلێمانی (لەگەڵ هەڵەبجە) دابەزینی قۆناغ بەقۆناغی بینیوە لە 3.56 کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک لە 2021 بۆ 2.95 لە ساڵی 2024. لەلایەکی ترەوە، دهۆک بەرزبوونەوەی ساڵانەی بەردەوام و کەمی بەدیهێناوە و گەیشتۆتە 2.51 کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک لە ساڵی 2024.


بەگشتی، ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو بۆ هەر خاوەنکارێکی تۆمارکراو هێشتا نزمە بە تێکڕای چوار بۆ پێنج کرێکار لە عێراقی فیدراڵ و سێ و بۆ چوار کرێکار لە هەرێمی کوردستان. بۆ مەبەستی بەراوردکردن، راپۆرتی ڕووپێوی دامەزراوەکان (بانکی نێودەوڵەتی 2022b) ئاماژە دەدات بەوەی زۆرینەی دامەزراوە فەرمییەکان پێنج تا 19 کرێکاریان هەیە، 714 لەمانە پۆلێنکراون وەک بچووک، پاشان دامەزراوە کە 20 تا 99 کرێکاریان هەیە و 277 لەم دامەزراوانە پۆلێنکراون وەک مامناوەند، هەروەها دامەزراوە گەورەکان کە زیاتر لە 100 کرێکاریان هەیە ژمارەیان تەنها 28 دامەزراوەیە (بانکی نێودەوڵەتی، 2022a). لەبەرئەوە دەکرێت ئەنجامگیری بکەین کە زۆربەی دامەزراوەکان تەنها ژمارەیەکی کەم لە هێزی کاریان تۆمارکردوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت.



## 3.4 خاوەنکاری ڕەوانەکراو بۆ دادگا پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت

شێوەی 38 تیشک دەخاتە سەر ژمارەی ئەو خاوەنکارانەی ڕەوانەی دادگا کراون لەماوەی دوو ساڵی رابوردو. کەیسی زیاتر ڕەوانەی دادگا کراون لە ساڵی 2023 بەراورد بە ساڵی 2024، هەولێر، وەک پایتەخت، پێشەنگ بوو. ژمارەی کەیسەکان لە رابوردو لەنێوان کۆی 150 تا 300 کەیس بوون.

شێوەی 38: خاوەنکاری ڕەوانەکراو بۆ دادگا پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2021




## 3.5 بۆچوونی خاوەنکار دەربارەی تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت

بۆچوونەکانی خاوەنکاران لەمیانەی سێ توێژینەوەدا کۆکرانەوە: 1) توێژینەوەی دامەزراوەکان لەسەر دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەنجامدراو لەلایەن (CSRM) لە ساڵانی 2024 و 2025 لە بەغداد و بەسرە و لەناو 121 کۆمپانیادا؛ 2) توێژینەوەیەکی ئەنجامدراو لەگەڵ (ODI) لەسەر کرێکارانی کەرتەکانی بیناسازی، کشتوکاڵ و پیشەسازی پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و 3) کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەی کەیس لەلایەن ڕاوێژکارییەکەوە بە پاڵپشتی دارایی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) لە هەرێمی کوردستان.

### ئەنجامە سەرەکییەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکان لە بەغداد و بەسرە

**هۆشیاری و بۆچوون دەربارەی یاسای ژمارە (18):** خاوەنکارەکان تێگەیشتنێکی مامناوەندییان هەیە لە یاسا نوێیەکە، 32 لەسەد وتیان بەتەواوی ئاگاداری یاساکەن و 7 لەسەد وتیان تاڕادەیەک ئاگادارن. لەناو ئەوانەی ئاگاداری یاساکەن، بۆچوونەکان بەگشتی ئەرێنیی بوون، 72 لەسەد بە باشی سەیری یاساکە دەکەن. هۆشیاری و بۆچوونی ئەرێنیی تاڕادەیەک بەرزتربوون لە بەغداد (31 لەسەد بەتەواوی ئاگادارن، 4 لەسەد تاڕادەیەک ئاگادارن و 56 لەسەد ئەرێنیی لێی دەڕوانن).

**تۆمارکردنی کرێکاران لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** نزیکەی کۆی خاوەنکارە رووپێکراوەکان وتیان کە کرێکارەکانیان لە سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمارکردوە، بەپێی راپۆرتدانی خۆیان ئاستی پابەندبوون گەیشتۆتە 98 لەسەد. تەنها 2 لەسەد ددانیان پێدانا کە کرێکارەکانیان تۆمارنەکردوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی پابەندبوونی بەرز بە یاسای ژمارە 18.

**سوودە پێشبینیکراوەکانی تۆمارکردن:** بەگشتی خاوەنکارەکان ئاماژەیاندا بە پابەندبوونی یاسایی (37 لەسەد) و باشتربوونی رەزامەندی کرێکاران (31 لەسەد) وەک سوودە سەرەکییەکانی تۆمارکردنی کرێکارانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**خۆهەڵسەنگاندنی پابەندبوون:** زۆرینەی خاوەنکارەکان هەڵسەنگاندنیان ئەرێنیی بوو بۆ پابەندبوونیان بە ئەرکە یاساییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. پەنجاونۆ لەسەد بە "زۆر باش" و 29 لەسەد بە "باش" ئەدای خۆیان هەڵسەنگاند.

**ئاستەنگ و نیگەرانییە سەرەکییەکان:** لەکاتێکدا کە 44 لەسەدی خاوەنکارەکان وتیان هیچ نیگەرانییەکیان نییە و بەتەواوی پابەندن و 49 لەسەد وتیان هیچ کێشەیەکیان نییە لە تێگەیشتن لە ئەرکەکانیان بەپێی یاساکە، بەڵام هێشتا ژمارەیەک ئاستەنگ دەستنیشانکران. لەوانەیە رێکارە کارگێڕییە ئاڵۆزەکان (30 لەسەد)، پرۆسە درێژخایەنەکان (26 لەسەد)، تێچووی بەرزی بەشدارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (21 لەسەد) و دەستنەگەیشتن بە زانیاری (7 لەسەد).

**بەرەوپێشچوونە خوازراوەکان:** کاتێک پرسیاریان لێکرا دەربارەی رێوشوێنەکان بۆ ئاسانکردنی پابەندبوون، 30 لەسەدی خاوەنکارەکان پێشنیازیان کرد پرۆسەی تۆمارکردن ئاسانتر بکرێت. هەروەها 20 لەسەد دەخوازن پرۆسەی پارەدانی بەشدارییەکان ئاسانتر بکرێت. ئەوانی تر پێشنیازی بەرەوپێشبردنیان کرد لە دەستگەیشتنی باشتر بە زانیاری، کەمکردنەوەی تێچووەکان و پێدانی هاندەری دارایی، ئەگەرچی ئەمانە کەمتر ئاماژەیان پێدرا.

**تۆمارکردنی کرێکاری نوێ و بۆچوونەکان دەربارەی جێبەجێکردن:** زۆرینەی زۆری خاوەنکارەکان (86 لەسەد) وتیان هەموو کرێکارە نوێیەکانیان تۆمارکردوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی پاش دەرچوونی یاسای ژمارە 18. پەنجاویەک لەسەد لەو بڕوایەدان پرۆسەی تۆمارکردن بەرەوپێشچووە لەسایەی چوارچێوەی یاسایی نوێ، لەکاتێکدا 48 لەسەد تێبینی بەرەوپێشچوونیان کرد و 96 لەسەد وتیان لە رێکارەکانی پارەدانی بەشداریکردن تێدەگەن.

**کەلێن و پێداویستییەکانی زانیاری:** زۆرینەی خاوەنکارەکان وتیان پێویستیان بە زانیاری زیاتر نییە دەربارەی یاساکە یان سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەناو ئەوانەدا کە وتیان پێویستیان بە زانیاری هەیە، داواکاری باو بریتی بوو لە دەستگەیشتنی زیاتر بە پلاتفۆرم یان وێبسایتی ئۆنلاین و ئاسانکردنی رێگەکانی تۆمارکردن و پارەدان.



### ◄ خانەی 2. کەیسە دۆکیومێنتکراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2024

- **پارێزەرێک کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێک کۆمپانیا دەکات لە هەولێر وتی:** "سەرەتا کاتێک دەهاتیت بۆ فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کردنەوەی فایل، پێویست بوو هەموو بەڵگەنامەکان لە تۆماری کۆمپانیاکان لەگەڵ خۆت بهێنیت (پێویست بوو هەموویان پەسەندکراو بن) وەک مۆڵەتەکان، کۆنووسی دامەزراندنی کۆمپانیا، یان هەر بەڵگەنامەیەکی تری پەیوەست بە گۆڕینی ناو یان چالاکیی کۆمپانیا، لەگەڵ چەندین بەڵگەنامەی تر. بەڕێوەبەر پشکنینی دەکرد بۆ ئەم نووسراوانە، تێبینی دەنووسی لەسەریان، پاشان لە ژووری تۆمارکردنی هاتوو واژۆ و مۆر دەکران. پاشان رەوانە دەکران بۆ ژووری پشکنین. لە ژووری پشکنین، پشکنەران دابەشکراون لەسەر بنەمای ناوچەکانی هەولێر. پشکنەرێک فایلەکەی وەردەگرت لەگەڵ رێکەوتی لەدایکبوونی هەموو کرێکارەکان و راپۆرتێکی دەنووسی و دەیدا بە سەرۆکی فەرمانگە. پاشان راپۆرتەکە دووبارە رەوانە دەکرایەوە بۆ بەڕێوەبەر و ژوورەکانی تر. پاش ئەم هەموو رێکارانە، خاوەنکار تۆماردەکرا."
- **خاوەن ئارایشتگایەک، کە لەم دواییانەدا ئارایشتگاکەی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەولێر تۆمارکرد، باسی لە ئەزموونی خۆی کرد لەگەڵ پرۆسەی پشکنین و وتی:** "هەموو رێکارەکانم تەواوکرد تا گەیشتمە ژووری پشکنەر. فایلەکە و ژمارە تەلەفۆنەکەم و ناونیشانی ئارایشتگەکەم لە ژووری پشکنەر بەجێهێشت، بۆ دڵنیابوون لەوەی پشکنەر بەئاسانی دەتوانێت شوێنەکە بدۆزێتەوە، ئەگەرنا دەتوانێت پەیوەندیم پێوە بکات بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەم بۆ دۆزینەوەی شوێنەکە. لیژنەی پشکنین بەبێ ئاگادارکردنەوە سەردانی شوێنەکەیان کرد و چاویان بە هەموو کرێکارەکان کەوت."

#### کەیسە دۆکۆمێنتکراوەکانی ساڵی 2024 لە کەرتی پیشەسازی

- "منیش ناتوانم خۆم تۆماربکەم، پارەکەی زۆرە. هەندێک کات کڕیارمان نییە. ئەم بزنسە فرۆشی زۆرە پێش بۆنە نیشتیمانییەکان و جەژنە ئایینییەکان." (چاوپێکەوتنی کەسیی - 5، خاوەنکاری پیشەسازی، دهۆک)
- "بە ئەزموونی من، دامەزراوەی بچووک و مامناوەند کە کاڵاکان هاوردە دەکەن، تێچووی کارکردنیان بەرزە. ئەم بارگرانییە داراییە هاوشانە لەگەڵ پێداویستی بۆ پارەدانی بەشدارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پارەدانی گومرگ، ئەمەش پابەندبوون بە سیاسەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەختتر دەکات بۆ دامەزراوەی بچووک و مامناوەند." (چاوپێکەوتنی کەسیی - 2، خاوەنکاری پیشەسازی، هەولێر)
- "دوو هێڵی بزنسەکەم داخست بەهۆی نەبوونی کڕیار. پێشتر 13 کەس کاری بۆ دەکردم، بەڵام ئێستا، تەنها دەتوانم دوو کرێکارم هەبێت. پێشبینی بکە چۆن بتوانم ئەو بڕە زۆرە بدەم بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی!" (چاوپێکەوتنی کەسیی - 6، خاوەنکاری پیشەسازی، دهۆک)

# 4

# سووده درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق


سووده درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بریتین لە خانەنشینی بەساڵاچوون، کەسانی خاوەن کەمئەندامی و میراتگر.

## 4.1 خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت

یاسای ژمارە (18)ی عێراقی فیدراڵ تەمەنی یاسایی خانەنشینی بە 60 ساڵ دیاری کردوە بۆ پیاو و 55 ساڵ بۆ ئافرەت، لەگەڵ بەلای کەم 20 ساڵ بەشداریکردن بۆ مەبەستی شایستەبوون. لەجیاتی ئەوە رێگەدەدرێت بە خانەنشینبوون لە تەمەنی 63 ساڵی بۆ پیاو و 58 ساڵی بۆ ئافرەت لەگەڵ بەلای کەم 15 ساڵ بەشداریکردن. یاساکە حوکمی داناوە بۆ خانەنشینی پێشوەختە لە تەمەنی 50 ساڵی، بەمەرجێک کەسەکە 30 ساڵ بەشداری کردبێت بۆ پیاو 25 ساڵ بۆ ئافرەت. دەکرێت بەشداریی تا پێنج ساڵ بکڕدرێت بۆ بەدیهاتنی مەرجەکانی شایستەبوون. ئەم حوکمانە رەنگدانەوەی هەوڵەکانن بۆ نوێکردنەوەی رێساکانی خانەنشیی و راگرتنی بالانسی ئەکتوەری و پێشکەشکردنی ئاسانکاری زیاتر بە کرێکارانی دەستەبەرکراو.

شێوەی 39 سوودمەندانی خانەنشینی تایبەت بەپێی رەگەز و ساڵ نیشان دەدات. نیشانی دەدات کە کۆی ژمارەی خانەنشینانی بەساڵاچوون بەهێواشی بەرزدەبێتەوە لە 8،327 خانەنشین لە 202.1 بۆ 9،170 خانەنشین لە 2023، پاشان کەمێک دادەبەزێت لە ساڵی 2024 بۆ 9154 خانەنشین. ئەم دابەزینە، ئەگەرچی کەمە، جێگەی نیگەرانییە لەبەرئەوەی کۆی ژمارەی کرێکاری تۆمارکراو بەڕێژەی 74 لەسەد بەرزبۆتەوە لەماوەی چوار ساڵی رابوردو، وەک باسکرا لە بڕگەی 2.1. ئەمە واتا بەرزبوونەوە لە تۆمارکردن رەنگی نەداوەتەوە لە بەرزبوونەوەی راستەقینەی خەرجکردنی سوودەکان. لەوانەیە هۆکاری ئەمە ئەوە بێت کە کرێکاران بە باشتریان دەزانی سوودەکانی کۆتایی خزمەت وەربگرن تا دەرچوونی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023، پاش ئەوەی ئەو بژاردەیە نەما. بەڵام، هێشتا پشکی کرێکاری خانەنشینی بەساڵاچوو کەمە. ئەمەش جێگەی نیگەرانییە، لەبەرئەوەی خانەنشینی بەساڵاچوون ئەو سوودەیە کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرجەستە جێبەجێکراوە لەلایەن کارگێڕی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ساڵی (1971)ەوە. ئەم پرسە وردتر لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت لە بڕگەی 6.2، کە خەرجکردنی راستەقینەی خانەنشینی بەساڵاچوون بەراورد دەکرێت بە ژمارە مەزەندەکراوەکانی خانەنشینبوون لە کەرتی تایبەت. شیکاریی شێوەی 39 نیشانی دەدات کە پشکی ئافرەتان لە عێراقی فیدراڵ لەناو خانەنشینانی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت هێشتا لەنێوان 18 لە سەد لە 2021 و 17 لەسەدە لە ساڵانی دواتر.


شێوەی 39: کۆی خانەنشینانی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز و ساڵ، 2024-2021




شێوەی 40 تیشک دەخاتە سەر ئاراستەکانی خانەنشینی بەساڵاچوان بەپێی پارێزگا و ساڵ. وەک شێوەی پێشوو، بەغداد پێشەنگە لە ژمارەی خانەنشینی بەساڵاچوو. ژمارەی خانەنشینان بەرزبۆتەوە لە 5،799 خانەنشین لە 2021 بۆ 6،220 خانەشین لە 2023، بەڵام 2024 دابەزیوە بۆ 6،127 خانەنشین. نەینەوا، بەسرە، کەرکوک و واست یەک لەدوای یەک دێن، لەنێوان 750 تا 1،250 خانەنشین. لەناو ئەمانەدا، بەسرە تەنها پارێزگایە کە ساڵانە بەرزبوونەوەی بەرچاوی تۆمارکردەوە، ئەگەرچی ژمارەکە هێشتا سێ ژمارەییە. هەموو پارێزگاکانی تر کەمتر لە 250 خانەنشینی بەساڵاچوویان هەبووە لە ساڵی 2024.




شێوەی 40: خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق، بەپێی پارێزگا و ساڵ، 2024-2021




شێوەی 41 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەت لە خانەنشینی بەساڵاچوون بەپێی پارێزگا و ساڵ. جێگەی سەرنجە، لە میسان پشکی ئافرەتان کەمێک زیاترە لە 25 لەسەدی کۆی خانەنشینانی بەساڵاچوو. بەڵام، ئەمە زۆر گرنگ نییە، چونکە کۆی ژمارەی خانەنشینان لە میسان تەنها 23 ئافرەت بوو لە ساڵی 2023. پشکی ئافرەتان زیاترە لە بەغداد، لەبەرئەوەی پشکی ئافرەتان دەگاتە 20 تا 21 لەسەدی کۆی خانەنشینانی بەساڵاچوو، هەروەها کۆی ژمارەی سوودمەندانی خانەنشینی بەساڵاچوون گرنگترە وەک نیشاندراوە لە شێوەی 39 و دەگاتە زیاتر لە شەش هەزار خانەنشین. بەڵام پشکی 20 تا 21 لەسەد گرنگە بەراورد بە نزمی ئاستی بەشداریی ئافرەتان لە هێزی کار لەسەر ئاستی نیشتیمانیی (نووسینگەی ناوەندیی ئامار، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ()، 2022). بابل لە پلەی سێیەم دێت لە پشکی ئافرەتان لە خانەنشینی بەساڵاچوون و دەگاتە نێوان 17 و 18 لەسەد، ئەگەرچی هاوشێوەی میسان، کۆی ژمارەی خانەنشینانی بەساڵاچوو کەمە.

شێوەی 41: پشکی ئافرەت لە کۆی خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2021-2024 (ڕێژەی سەدیی)





لە هەرێمی کوردستان، کرێکارانی کەرتی تایبەت مافیان هەیە بۆ سوودەکانی خانەنشینی بەساڵاچوون بەپێی هەمواری یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2012، کە هەمواری یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971 دەکات. بەپێی ئەم چوارچێوە یاساییە، کرێکاری دەستەبەرکراو شایستەیە بۆ خانەنشینی بەساڵاچوون، لەکاتی گەیشتن بە تەمەنی خانەنشینی 60 ساڵ بۆ پیاو و 55 ساڵ بۆ ئافرەت، بەمەرجێک 20 ساڵ خزمەتی هەبێت لەگەڵ بەشداریکردن. بڕی خانەنشینییەکە هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای موچەی کۆتا ساڵی خزمەت و ژمارەی ساڵانی بەشداریکردن. هەروەها یاساکە ڕێگەدەدات بە خانەنشینی پێشوەخت بە کۆمەڵێک مەرج، هەروەها بڕە پارەی مۆڵ و سوودەکانی کۆتایی خزمەت دەدات لەو کەیسانەدا کە مەرجەکانی شایستەیی بەدینەهاتوون.

شێوەی 42 ئاماژەیە بۆ ژمارەی خانەنشینانی بەساڵاچوو لە هەرێمی کوردستان لەماوەی چوار ساڵی رابوردو. داتای پۆلێنکردن بەپێی ڕەگەز بەردەست نەبوو بۆ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO). ئەم ژمارانە نیشانی دەدات کە کۆی گشتی ژمارەکان زۆر کەمن بۆ خانەنشینی بەساڵاچوون لە کەرتی تایبەت، کە دەگاتە 954 لە ساڵی 2024، هەولێر پێشەنگە بە 445 خانەنشین، پاشان سلێمانی بە 320 خانەنشین و دهۆک بە 188 خانەنشین. پێدەچێت ژمارەی خانەنشینان ساڵانە زۆر بە کەمیی زیادبکات. بەراوردکردنی ئەمە بە زیادبوونی بەرچاو لە تۆمارکردن، بەتایبەتی کە لە هەرێمی کوردستان ژمارەی خانەنشینان زۆر کەمن، کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت دەربارەی دەستگەیشتن بە خەرجکردنی ڕاستەقینەی سوودەکان. تەنها بەشێکی هۆکارەکە دەکرێت بدرێتە پاڵ توانای وەرگرتنی سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن.



شێوەی 42: خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ناوچە و ساڵ، 2021-2024





## 4.2 خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت

بەپێی یاسای ژمارە (18)ی عێراق، کرێکاری دەستەبەرکراوی کەرتی تایبەت مافی هەیە بۆ دەستگەیشتن بە خانەنشینی کەمئەندامیی ئەگەر بۆ هەمیشە و بەتەواوی توانای کارکردنیان لەدەستدا، بەدەرلە تەمەن، بەمەرجێک بەلای کەمەوە بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو بەشداریی کردبێت پێش دەستپێکردنی کەمئەندامییەکەی. لە کەیسی پێکانی کار یان نەخۆشییە پەیوەستەکان بە پیشە، خانەنشینی دەدرێت بەبێ مەرجی بەلای کەم یەک ساڵی بەشدارییکردن، ئەمەش بەپێی هەڵسەنگاندنی پزیشکی و ڕاپۆرتی خاوەنکار. بڕی خانەنشینیی هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای پلەی کەمئەندامیی و موچەی بنەڕەتیی کەسی دەستەبەرکراو، لەگەڵ هەبوونی کەمترین ئاستی سوودی زامنکراو. هاوکات یاساکە ڕێگەدەدات بە بەردەوامبوون لە بەشداریکردن بۆ ئەوانەی کەمئەندامی بەشەکییان هەیە و لەناو هێزی کار دەمێننەوە، ئەمەش بەرجەستەی وەرچەرخان دەکات بەرەو ڕێبازێکی گشتگیر و لەسەر بنەمای ماف بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی.


شێوەی 43 ئاماژەیە بۆ ژمارەی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی ڕەگەز و ساڵ. بەگشتی، ژمارەی خانەنشینی کەمئەندام بەرزبۆتەوە لە 1،707 سوودمەند لە 2021 بۆ 1،911 سوودمەند لە 2023 پاشان لە 2024 کەمێک دابەزی بۆ 1،897 سوودمەند. کەمی ژمارەی سوودمەندان و دابەزینی ژمارەکە لە ساڵی 2024 جێگەی نیگەرانییە. ئەم دابەزینە کەمە پێویستی بە چاودێریکردنە لە ساڵانی داهاتوو، بۆ دڵنیابوون لەوەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تۆمارکردن بەرجەستە دەبێت لە خەرجکردنی سوودە ڕاستەقینەکان. ئەم ئاراستەیە هاوشێوەی ئاراستەی خانەنشینی بەساڵاچووونە و ئاماژەیە بۆ هەبوونی بەربەستی سیستیماتیک بۆ دەستگەیشتن. ئەم گرفتە هەڵسەنگاندنی زیاتری بۆ دەکرێت لە بڕگەی 6.2، کە بەراورد دەکرێت لەنێوان خەرجکردنی ڕاستەقینەی خانەنشینی کەمئەندامی لەگەڵ مەزەندەی کەسانی خاوەن کەمئەندامی لە کەرتی تایبەت.

شێوەی 43: سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز و ساڵ، 2021-2024





شێوەی 44 ئاماژەیە بۆ سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی پارێزگا و ساڵ. بەغداد بەرزترین ژمارەی خانەنشینی کەمئەندامی هەیە، ئەگەرچی ژمارەکە ساڵانە کەمدەبێتەوە لە 700 خانەنشینی کەمئەندام لە 2021 بۆ 622 لە ساڵی 2024. بەڵام قادسیە و نەجەف بەرزبوونەوەی ساڵانەیان هەبووە لە ژمارەی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامی لە 200 بۆ 366 و 266 یەک لەدوای یەک لە ساڵی 2024. نەینەواو و بەسرە پاش ئەوان دێن بە 123 و 113 خانەنشینی کەمئەندامی لە 2024، لەکاتێکدا هەر یەک لە پارێزگاکانی تر کەمتر لە 100 خانەنشینی کەمئەندامییان هەیە.

شێوەی 44: سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2021-2024




شێوەی 45 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەت لە کۆی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی پارێزگا. بەغداد و قادسیە بەرزترین پشکیان هەیە بە ڕێژەی 15 و 20 لەسەدی یەک لەدوای یەک. پاشان موسەننا و کەرکوک توانیویانە پشکی سەروو 10 لەسەد بپارێزن بۆ ماوەی بەلای کەم یەک ساڵ، لەکاتێکدا هەموو پارێزگاکانی تر ڕێژەکانیان لەخوار 10 لەسەدە.

شێوەی 45: پشکی ئافرەت لە کۆی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا، 2021-2024 (ڕێژەی سەدیی)




لە هەرێمی کوردستان کرێکاری کەرتی تایبەت مافیان هەیە بۆ دەستگەیشتن بە خانەنشینی کەمئەندامیی بەپێی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971، وەک هەموارکراوە بە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2021. ئەم یاسایە کۆمەکی دارایی دابین دەکات بۆ کرێکاری دەستەبەرکراو لەکاتی کەمئەندامبوونی بەشەکیی یان هەمەکیی بەهۆکاری پەیوەست بە کار یان پیشە. بەپێی مەرجەکانی شایستەبوون بۆ خانەنشینی کەمئەندامیی، دەبێت کرێکار کەمئەندامی پاڵپشتیکراو بە ڕاپۆرتی پزیشکی هەبێت و کەمترین ئاستی بەشداریکردنی هەبێت لە سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بڕی خانەنشینییەکە هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای ڕێژەی سەدیی تێکڕای موچەی کرێکارەکە و هەموارکردنی بەپێی پلەی کەمئەندامییەکەی. چاکسازییەکانی ئەم دواییە، ئاستی کەمئەندامی بەشەکیی لە 35 لەسەد کەمکردۆتەوە بۆ 30 لەسەد، ئەو کرێکارەی پلەی کەمئەندامییەکەی لەژێر ئەم ئاستەیە، دەکرێت قەرەبوو وەربگرێت. ئامانجی ئەم حوکمانە بەهێزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەو کرێکارانەی تووشی گرفتی تەندروستی دەبن. بەداخەوە داتای کارگێڕیی پۆلێنکراو بەپێی ڕەگەز پەیوەست بە خانەنشینی کەمئەندامیی لە هەرێمی کوردستان بەردەست نەبوو.


## 4.3 میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت

یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023 مافی میراتگری خانەنشین دابین دەکات بۆ کەسانی میراتگری وابەستەی شایستەی کەسی دەستەبەرکراو یان خانەنشینی کۆچکردوو. سوودەکان دەدرێن بە هاوسەری کۆچکردوو، منداڵ، دایباب و خوشک و برای وابەستە، بەپێی مەرجەکانی تەمەن، کەمئەندامیی، باری کۆمەڵایەتی و وابەستەیی. ئەگەر کۆچکردوو دەستەبەرکراو بوو و بەلای کەمەوە یەک ساڵی بەشداریی هەبوو، میراتگرەکانی مافی خانەنشینیان هەیە. لەو دۆخانەدا کە هۆکاری مردن پەیوەندیی هەیە بە پێکان یان نەخۆشی پیشەیی، سوودەکان دەدرێت بە میراتگر بەدەر لە ماوەی بەشداریکردنی کەسی کۆچکردوو. بڕی خانەنشینی هەژماردەکرێت لەسەر بنەمای مافەکانی کەسی دەستەبەرکراو و دابەش دەکرێت بەسەر سوودمەندە شایستەکان بەپێی یاسا. ئەم حوکمانە دانراون بۆ زامنکردنی بەردەوامیی داهاتی کەسانی وابەستە و بەرجەستەی پابەندبوونی عێراق دەکەن بە پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پاراستنی خێزان.




شێوەی 46 ئاماژەیە بۆ سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی ڕەگەز و ساڵ. بەپێی ژمارە تۆمارکراوەکان، کۆی ژمارەی میراتگران بەجێگیری ماوەتەوە لەنێوان 9،324 لە ساڵی 2022 و 9،462 لە ساڵی 2024. بەگشتی نزیکەی هەموو میراتگرەکان ئافرەتن.

شێوەی 46: سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز و ساڵ، 2022-2024





شێوەی 47 سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت نیشان دەدات بەپێی پارێزگا و ساڵ. نیشانی دەدات کە بەغداد بەڕێژەیەکی گەورە پێشەنگە بە 4،537 میراتگر لە 2021 و زیادبوونی بۆ 5،374 لە 2023 پاشان دابەزینێکی کەم بۆ 5،166 میراتگر لە 2024. پاش بەغداد، نەینەوا و بەسرە دێن بە تێکڕای 700 و 800 سوودمەند، هەروەها دابەزینێکی کەمیان تۆمارکرد لە 2024.

شێوەی 47: سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2021-2024




شێوەی 48 ئاماژەیە بۆ پشکی ئافرەتان لەناو سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەپێی پارێزگا. جێگەی سەرنجە کە 90 لەسەدی میراتگران ئافرەتن لە هەموو پارێزگاکان بەبێ جیاوازییەکی ئەوتۆ، جگە لەساڵی 2021 کە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ هەڵەی دۆکیومێنتکردن وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا.

شێوەی 48: پشکی ئافرەت لە سوودمەندانی میراتگری خانەنشین لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی پارێزگا، 2021-2024 (ڕێژەی سەدی)




کرێکارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان مافی وەرگرتنی خانەنشینی میراتگریان هەیە بەپێی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971، هەوارکراو بە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2021. ئەم سوودانە کۆمەکی دارایی دەدەن بە کەسانی وابەستەی کرێکاری دەستەبەرکراوی کۆچکردوو. میراتگرانی شایستە بریتین لە هاوسەر، منداڵ، و لە هەندێک دۆخدا، کەسانی وابەستەی تر کە لەڕووی داراییەوە کرێکاری کۆچکردوو بەخێوی دەکردن. بڕ و ماوەی خانەنشینی میراتگر دیاری دەکرێت لەسەر بنەمای ماوەی بەشداریکردن و تێکڕای موچەی کرێکاری کۆچکردوو. ئامانجی ئەم حوکمە یاساییانە زامنکردنی سەقامگیری دارایی خێزانە پاش لەدەستدانی داینکاری سەرەکیی گوزەرانی خێزان.


## 4.4 سوودە وەرگیراوەکانی کشانەوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2012، کە هەمواری چوارچێوەی یاسایی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکات لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی 1971، کرێکاران دەتوانن دەستیان بگات بە بڕە پارەی مۆڵی کۆتایی خزمەت، تەنانەت پێش تەمەنی خانەنشینی، ئەمە دەوەستێتە سەر ساڵانی بەشداریکردن و هۆکارەکانی کشانەوە[5]. لە عێراقی فیدراڵ، کرێکاران ئێستا مافی خانەنشینی وەردەگرن و کشانەوەی پشوەختە و وەرگرتنی بڕە پارەی مۆڵی کۆتایی ماوەی کارکردن چیتر کاری پێناکرێت، جگە لە چەند دۆخێکی ئاوارتە لەکاتی شایستەنەبوون یان بەشداریکردنی کورتمەودا. ئەم داتا کارگێڕییانەی لە خوارەوە خراونەتەڕوو، لە هەرێمی کوردستان کۆکراونەتەوە.

5. ئەمە عێراقی فیدراڵ ناگرێتەوە، لەبەرئەوەی پاداشتی کۆتایی خزمەت کە پێشتر دەدرا لەسایەی یاسای هەڵوەشاوەی ژمارە (39)ی ساڵی 1971، چیتر ڕێگەپێدراو نییە بەپێی یاسای نوێی ژمارە (18)ی ساڵی 2023.


شێوەی 49 ئاماژەیە بۆ ئەو کرێکارانەی سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە هەرێمی کوردستان. لە ساڵی 2024 نزیکەی 9,049 کرێکار سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردنیان وەرگرت، زۆرینەیان لە هەولێر بوون، پاشان دهۆک و سلێمانی.

شێوەی 49: ئەو کرێکارانەی سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2023-2024




لەناو ئەوانەدا کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن، کرێکاری کۆچبەر هەیە. شێوەی 50 نیشانی دەدات کە 2,079 کرێکاری کۆچبەر سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردنیان وەرگرتوە لە ساڵی 2024 لە هەرێمی کوردستان.


شێوەی 50: کرێکاری کۆچبەر کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2023-2024






شێوەی 51 ئاماژەیە بۆ پشکی کرێکاری کۆچبەر کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەردەگرن، کە لە ساڵانی 2023 و 2024 گەیشتۆتە 23 لەسەد. هەولێر گەورەترین پشکی هەیە لە کرێکاری کۆچبەر کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردرگرن بەڕێژەی 33 لەسەد لە ساڵی 2024.

شێوەی 51: کرێکاری کۆچبەر کە سوودەکانی کۆتایی ماوەی کارکردن وەردەگرن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2023-2024 (ڕێژەی سەدیی)





## 4.5 خەرجکردنی سوودە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) تەنها دەستی گەیشت بە داتاکانی خەرجکردنی سوودە درێژخایەنەکان بۆ ساڵانی 2022-2024 لە عێراقی فیدراڵ. داتاکان بۆ هەرێمی کوردستان بەردەست نەبوون. بەگشتی، ئەم جۆرە خەرجکردنانە ساڵانە بەرزبۆتەوە لە 113 ملیار دیناری عێراقی لە 2022 بۆ 123 ملیار دیناری عێراقی لە 2023 و 145 ملیار دیناری عێراقی لە 2025.

# 5


# سوودە کورتخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق

شێوەی 52: خەرجکردنی ســوودە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا و ساڵ، 2024-2022 (بە دیناری عێراقی)




شێـوەی 52 ئاماژەیـە بۆ خەرجکردنـەکان بـە دینـاری عێراقـی و بەپێـی پـارێزگا و شێـوەی 53 ئاماژەیـە بۆ ڕێژەی سـەدیی خەرجکردنـەکان بەپێـی پـاڕیزگا. لـە هـەردوو شێوەکـەدا، ڕوونـە کـە بەغـداد زۆر لەپێشـە بـە بڕی 84 مليـار دينـاری عێراقـی، واتـا 58 لەسـەدی کۆی خەرجکردنـەکان لـە سـاڵی 2024، بەسـرە لـەدوای بەغـداد دێت بـە بڕی 11 مليـار دۆلار، واتـا 7 لەسـەدی کۆی خەرجکردنـەکان لـە سـاڵی 2024.

شێوەی 53: پشــکی پارێزگاکان لە خەرجییە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، 2024-2022 (ڕێژەی سەدیی)



# 6
# ڕووماڵی کاریگەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراق

یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023ی عێراقی فیدراڵ بەستەیەک سوودی کورتمەودا پێشکەش دەکات بە کرێکاری دەستەبەرکراوی کەرتی تایبەت، لەوانە دەرماڵەی نەخۆشی، دایکایەتی و پێکانی کار، هەروەها بۆ یەکەم جار، بیمەی بێکاریی. سوودەکانی نەخۆشی دەدرێن تا ماوەی 180 ڕۆژ لە ساڵێکدا، بەمەرجێک کرێکارەکە لە ساڵی پێشتردا بەلای کەم سێ مانگی لەسەریەک یان شەش مانگی پچڕپچڕ بەشداریی کردبێت. سوودەکانی دایکایەتی 100 لەسەدی موچەی ئافرەتی دەستەبەرکراو دەگرێتەوە بۆ ماوەی 14 هەفتە، بەمەرجی هەبوونی شەش مانگی لەسەریەک وەک کەمترین ماوەی بەشداریکردن. سەبارەت بە پێکانی کار یان نەخۆشیی پەیوەست بە پیشە، یاساکە گەرەنتی چاودێری تەندروست و قەرەبووکردنەوەی موچە دەکات لەماوەی چاکبوونەوەدا، بەبێ هەبوونی مەرجی کەمترین ماوەی بەشداریکردن. سەبارەت بە سوودەکانی بێکاریی، ئەمانە ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە بەبێ ویستی خۆیان کاریان لەدەستداوە و بەلای کەم بۆ ماوەی 12 مانگ بەشدارییان کردوە، لەو دوانزە مانگە دەبێت شەش مانگی لەسەریەک بێت پێش بێکاربوون. ئەم سوودە دەدرێت بۆ ماوەی تا شەش مانگ و هەژماردەکرێت وەک بەشێک لە موچەی دەستەبەرکراو. ئەم حوکمە یاساییانە هەنگاوی گرنگن بەرەوپێش بۆ پاراستنی داهات و تەباکردنی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق لەگەڵ ستانداردەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق، بەتایبەتی ڕێککەوتنامەی ژمارە (102)ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) کە عێراق لە ساڵی 2023 پەسەندی کرد.

لەکرداردا، جێبەجێکردنی ئەم حوکمانە هێشتا سنووردارە. سوودەکانی نەخۆشیی و دایکایەتی بەدەگمەن وەردەگیرێن بەهۆی نزمیی ئاستی هۆشیاریی کرێکاران، بەربەستە کارگێڕییەکان و ئامادەنەبوونی هەندێک خاوەنکار بۆ پێشکەشکردنی ئەم جۆرە داوایانە. قەرەبووی پێکانی کرێکار لە هەندێک کەرتدا ڕاپۆرتیان لەسەر دەدرێت، بەڵام هێشتا ئاستەنگ هەیە لە ڕاپۆرتدان، دۆکۆمێنتکردن و هەڵسەنگاندنی پزیشکیی لەکاتی گونجاودا. ڕێوشوێنی نوێی بیمەی بێکاریی هێشتا کارا نەکراوە، لەبەرئەوەی ڕێکارە دامەزراوەییەکان، ڕێکارە داراییەکان و سیستمەکانی پشتڕاستکردنەوە هێشتا ئامادەنەکراون. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، بەرزیی ئاستی کارکردن لە کەرتی نافەرمیی و کەمیی ئاستی جێبەجێکردن، ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەیەکی زۆری کرێکاری شایستە داوای ئەم سوودانە ناکەن یان وەریان ناگرن. بەم پێیە، سەرەڕای حوکمە یاساییە پێشکەوتووەکان، دەستگەیشتنی کاریگەر بە سوودە کورتخایەنەکان هێشیا لاوازە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێویستی بە چاکسازی کارگێڕیی، تۆماکردن و پەیوەندیی باشتر لەگەڵ خاوەنکاران و کرێکاران. لەکۆتایدا، بە لەبەرچاوگرتنی نزمیی ئاستی جێبەجێکردنی ئەم سوودانە، هێشتا داتای پشتڕاستکراوە بەردەست نییە.

ئـەم بەشـە بەراوردکارییـە لەنێـوان ئەنجامەکانـی ڕاپۆرتەکـە پەیـوەست بـە تۆمارکـردن و سـوودە درێژخایەنـەکان لەگـەڵ مەزەندەکانـی دانیشتوانـی کاریگەربـوو. زۆربـەی داتـا پێشکەشـکراوەکان لـەم ڕاپۆرتـەدا، لەسـەر بنەمـای خەمڵانـدن و مەزەنـدە دۆکۆمێنتکـراوەکانن، لەبەرئـەوە ناکـرێت بەکاربهێنـرێن بۆ پێوانەکردنـی دروستـی ڕوومـاڵ.

## 6.1 کۆی ڕووماڵـی کاریگـەری دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بەپێـی پـارێزگا، سـاڵ، ڕەگـەز و وڵاتـی ڕەسـەن

بۆ هەژمارکردنـی ڕووماڵـی کاریگـەری دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی، نوێتـرین داتـای پۆڵێنکـراوی کار لـە کەرتـی تایبـەت بەپێـی ڕەگـەز و پـارێزگا دەرهێنـراوە لـە ڕووپێـوی هێزی کاری عێـراق 2021. پاشـان ئـەم داتایـە بـەراورد کـراوە بۆ تۆمارکردنـی کرێـکاران لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت لـە عێراقـی فیـدراڵ و هەرێمـی کوردسـتـان، بـە داتـای پـرۆژەی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بژاردەییـەوە.

ڕێژەی ڕووماڵـی کاریگـەر = ژمـارەی کرێـکاری تۆمارکـراو لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت [ناچارەکیی +بژاردەیـی / ژمـارەی مەزەندەکـراوی کرێـکار لـە کەرتـی تایبـەت x 100

$$\text{Effective coverage rate (\%)} = \frac{\text{Number of workers enrolled in private social security (mandatory + optional)}}{\text{Estimated number of private sector workers}} \times 100$$


ژمـارەی کرێکارانـی کەرتـی تایبـەت بەپێـی پـارێزگا و ڕەگـەز لەسـەر بنەمـای مەزەنـدە سـەنگ بۆ دانراوەکانـە لـە داتـای وردی ڕووپێـوی هێزی کاری عێـراق 2021. ئەمانـە سـەرژمێری ڕاستەقینـە نیین، بەڵکـو خەمڵاندنـی ئاماریـی نوێنەرایـەتین، بـە بەکارهێنانـی سـەنگەکانی نموونـەی ڕووپێوەکە. لـە بەراوردا، ئـەم ژمارانـەی کرێـکاری تۆمارکـراو لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لەسـەر بنەمـای داتـا کارگێڕییەکانـی فەرمانگـەی دەستەبـەری کۆمەڵایـەتین و نوێنەرایەتـی داتـای ڕاستەقینـەی تۆمارکردنـی کرێـکاران دەکەن. ڕێژەکانـی ڕووماڵـی کاریگـەر کـە لێـرەدا پێشکەشـکراون، ئاماژەیـە بۆ پشـکی مەزەندەکـراوی هێزی کاری شـایستەی کەرتـی تایبـەت، کـە چالاکانـە تۆمارکـراون لـە سیستمـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت. لەوانەیـە ناتەبایـی بچـووک هـەبێت لەنێـوان مەزەنـدەکان و ژمـارە نیشتیمانییـە بڵاوکـراوەکان، بـەهۆی جیاوازییـەکان لـە پۆلێنکـردن، سـەنگ دانـان، یـان ڕێبازەکانـی خاوێنکردنـەوەی داتـا.

شێـوەی 54 ئاماژەیـە بۆ بەرزبوونـەوەی ڕووماڵـی کاریگـەر لەسەرانسـەری عێراقـی فیـدراڵ، کـە نزیکـەی دوو هێنـدە بەرزبۆتـەوە لـە 6.97 لەسـەد بۆ هەمـوو کرێـکاران لـە سـاڵی 2021 بۆ 12.65 بۆ هەمـوو کرێـکاران لـە کۆتایـی 2024. ئـەم داتایـە لەسـەر بنەمـای هێڵـی بنەڕەتـی ڕووپێـوی هێزی کار 2021 ئامادەکـراوە سـەبارەت بـە هێزی کاری کەرتـی تایبـەت. ئـەم بەرزبوونەوەیـە گرنگـە، ئەگەرچـی دەبێت پشتڕاست بکرێتـەوە لەکاتـی بڵاوکردنـەوەی داتـای پۆلێنکـراوی نوێـی کار لەمیانـەی ڕووپێـوی داهاتـووی هێزی کار، کـە بڕیـارە 2026 بڵاوبکرێتـەوە، بێگومـان ئەنجامـە بەراییەکانـی سێیـەم ڕووپێـوی کۆمەڵایەتی-ئابـووری خێزانـی عێـراق (بانکـی نێودەوڵەتـی 2022b)، نیشـانی دەدات کـە بەرزبوونـەوەی گشتـی هەیـە لـە بەکارخـستن، ئەگەرچـی داتـا پۆڵێنکـراوەکان هێشتـا بـەردەست نین. ئەگـەر ئـەم ئاراستەیـە پشتڕاستکرایـەوە و دەرکـەوت کـە بەکارخـستن لـە کەرتـی تایبـەت بەشێوەیەکـی بەرچـاو زیادیکـردوە، ئـەوا ڕووماڵـی کاریگـەری دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بەپێـی مەزەنـدە هەموارکـراوەکان نزمتـرین دەبێت. بـەڵام بۆ ئێستـا، ئەمـە باشتـرین مەزەندەیـە کـە بتـوانین بەکاریبـهێنین. جێگـەی سـەرنجە کـە هەولێـر پێشـەنگە بـە 31.27 لەسـەد لـە سـاڵی 2024 پـاش ئـەو کەرکـوک بـە 18.45 لەسـەد، زیقـار بـە 15.95 لەسـەد، بەسـرە بـە 15.82 لەسـەد و دهۆک بـە 15.59 لەسـەد. بەغـداد، نەجـەف، سـلێمانی بـە



هەڵەبجـەوە، میسـان، کەربـەلا و بابـل ئەدایـان مامناوەندییـە و ڕووماڵـی کاریگـەر گەیشتۆتـە نێـوان 10 تـا 15 لەسـەد. هەمـوو پارێزگاکانـی تـر ڕووماڵـی کاریگەرییـان لـە خـوار 10 لەسـەدە و نەینـەوا، قادسیـە و دیالـە نزمتـرین ڕێژەیـان هەیـە.


شێوەی 54: ڕووماڵی کاریگەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو عێراق، بەپێی پارێزگا و ساڵ، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی)




لەکاتێکـدا کـە هەندێـک داتـای پۆڵێنکـراو دەربـارەی کار لـە کەرتـی تایبـەت و تۆمارکـردن لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بەردەستـە، پشـکی ئافرەتـان لـە کەرتـی تایبـەت زۆر بچووکـە بۆ مەبەستـی بەراوردکـردن پەیـوەست بـە ڕووماڵـی کاریگـەر بۆ هەمـوو پـارێزگاکان، لەجیاتـی ئـەوە، ڕووماڵـی کاریگـەری ئافـرەت لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت بەپێـی ناوچـە لـە خـوارەوە بـاس دەکـرێت.

شێـوەی 55 نیشـانی دەدات کـە تۆمارکردنـی کاریگـەری ئافرەتـان لـە دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت بـە دەستەبـەری بژاردەییـەوە بەرزبۆتـەوە بۆ هەمـوو عێـراق (13.63 لەسـەد لـە 2021 بۆ 27.86 لەسـەد لـە 2024). هەرێمـی کوردسـتـان ئـەدای باشتـرە (40.73 لەسـەد لـە 2024) بـەراورد بـە عێراقـی فیـدراڵ (کـە گەیشتۆتـە تەنهـا 23.21 لەسـەد).

شێوەی 55: تۆمارکردنی کاریگەری ئافرەت لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، بەپێی ناوچە، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی)




بۆ مەزەندەکردنی ڕووماڵی کاریگەری کرێکاری کۆچبەر، دەکرێت ڕێبازێکی هاوشێوە پەیڕەوبکریت، بەڵام کۆی ژمارەی کرێکاری کۆچبەری مەزەندەکراو بەپێی ڕووپێوی هێزی کار 2021 زۆر نزمە بۆ مەبەستی بەراوردکاری واتاداری کرێکاری کۆچبەر. مەزەندە کارگێڕییەکانی کرێکاری کۆچبەر لە هەرێمی کوردستان بەرزترن، لەبەرئەوە ناکرێت ئەم چالاکییە بکرێت بۆ کرێکاری کۆچبەر.

## 6.2 ڕووماڵی کاریگەری سوودە درێژخایەنەکانی بەساڵاچوون و کەمئەندامیی

ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوون لەسایەی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتی عێراق مەزەندەکراوە لەڕێگەی بەراوردکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی خانەنشینی بەساڵاچوون وەردەگرن لە 2024-2021 لەگەڵ ژمارەی کرێکارانی کەرتی تایبەت کە گەیشتونەتە تەمەنی خانەنشینی لەهەمان ئەو ساڵانەدا. مەزەندەکانی کرێکارانی تەمەنی خانەشینی وەرگیراون لە داتا وردەکانی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 (نووسینگەی ناوەندیی ئامار، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) 2022)، بە بەکارهێنانی سەنگە فەرمییەکانی نموونەگرتن. کرێکاران وەک شایستە بۆ خانەنشینی هەژمارکران ئەگەر لە کەرتی تایبەت کاربکەن و تەمەنیان لەنێوان 60-64 ساڵ بێت بۆ پیاو و 55-59 ساڵ بێت بۆ ئافرەت، بەپێی مەرجەکانی شایستەیی دیاریکراو لە یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2023. پاشان ژمارەی سوودمەندانی خانەنشینی دابەشکران بەسەر ژمارەی مەزەندەکراوی کرێکاری تەمەنی خانەنشینیی لە کەرتی تایبەت، بۆ مەبەستی هەژمارکردنی مەزەندەیەک بۆ ڕێژەی ڕووماڵی کاریگەر. ئەم ڕێبازە وێنەیەکی ڕاستەقینەتر دەدات لەسەر دەستگەیشتنی دانیشتوان بە خانەنشینیی، کە شایستەن لەڕووی تەمەن و کەرتی کارکردن بۆ وەرگرتنی سوودەکان لە چوارچێوەی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت.




شێوەی 56 ئاماژەیە بۆ مەزەندەی ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ڕووماڵ 4.04 لەسەد بوو لە ساڵی 2021 و 4.44 لەسەد لە ساڵی 2024. ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوو لە کەرتی تایبەت بەگشتی بۆ ئافرەتان زیاتر بوو لە پیاوان. بۆ نموونە، لە ساڵی 2024 ڕێژەکە 5.8 لەسەد بۆ ئافرەتان و 4.24 لەسەد بۆ پیاوان. نزمی پشکەکە و کەمی ژمارەی خانەنشینی بەساڵاچوو جێگەی نیگەرانییە. لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ گرفتەکانی دابینکردنی خانەنشینی بەساڵاچوون.

شێوەی 56: مەزەندەی ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ، بەپێی ڕەگەز، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی)




داتای پۆلێنکراو بەپێی ڕەگەز پەیوەست بە خانەنشینی بەساڵاچوون لە هەرێمی کوردستان بەردەست نەبوو. لەبەرئەوە تەنها مەزەندەیەکی گشتی ئەنجامدرا.

شێوەی 57: مەزەندەی ڕووماڵی کاریگەری خانەنشینی بەساڵاچوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی)



بەهای رووماڵی کاریگەری مەزەندەکراو کەمترە لە یەک لەسەد، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زۆر نزمیی رووماڵی خانەنشینی بەساڵاچوون لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای بەرزبوونەوە لە چوار ساڵی رابوردو.

بۆ مەزەندەکردنی رووماڵی کاریگەری خانەنشینی کەمئەندامیی لەناو کرێکارانی کەرتی تایبەت، ژمارەی ئەو کەسانەی خانەنشینی کەمئەندامیی وەدەگرن لە 2021 و 2024 دەبێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ژمارەی مەزەندەکراوی کرێکاری کەمئەندام لە کەرتی تایبەت. بەداخەوە، رووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 نەیتوانی داتای پشتپێبەستراوی کەمئەندامیی پێشکەش بکات، لەبەرئەوە ناکرێت رووماڵی کاریگەری سوودەکانی کەمئەندامی دەربهێنرێت. بەڵام داتا کارگێڕییەکانی ئێستا کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراو لە بڕگەی 4.2، ئاماژەن بۆ ژمارەیەکی کەمی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامیی، لەبەرئەوە دەتوانین ئەنجامگیری ئەوە بکەین کە رووماڵی کاریگەر زۆر نزمە. لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت داتای کارگێڕیش بەردەست نەبوو، لەبەرئەوە ئەو چالاکییە ئەنجام نەدرا.

## 6.3 بۆچوونی کرێکاران لەسەر دەستگەیشتن بە سوودەکان و پاڵپشتیی خاوەنکار

### رووپێوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە بەغداد و بەسرە

رووپێوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە دامەزراوەی (CRSM) بەهاوکاری رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) لە ساڵانی 2024-2025 ئەنجامیدا لەگەڵ 300 کرێکاری کەرتی فەرمیی لە بەغداد و بەسرە[6]. رووپێوەکە کۆمەڵێک زانیاری گرنگ دابین دەکات دەربارەی ئەزموونی کرێکاران پەیوەست بە دەستگەیشتن و پاڵپشتیی خاوەنکار.

**ئەزموونی دەستگەیشتن بە سوودەکان:** سەرەڕای ئەوەی کرێکاری فەرمیی بوون، تەنها سێ لەسەدی بەشداران هەوڵیانداوە دەستیانبگات بە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەناو ئەمانەدا، 67 لەسەد رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە و 11 لەسەد ئاماژەیاندا بەوەی کە دەستگەیشتن بە شایستەییەکانیان ئەستەمە. بەربەستە سەرەکییەکان کە ئاماژەیان پێدرا بریتین لە رێکارە درێژخایەن و ئاڵۆزەکان (33 لەسەد) و نەبوونی زانیاری روون لەسەر چۆنێتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ سوودەکان (16 لەسەد).

**بۆچوون لەسەر پاڵپشتییەکانی خاوەنکار:** بۆچوونی کرێکاران لەسەر پاڵپشتییەکانی خاوەنکار بۆ رێخۆشکردن بۆ دەستگەیشتن بە شایستەییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تارادەیەک ئەرێنیی بوون. سی و شەش لەسەدی بەشداران وتیان خاوەنکارەکانیان زۆر هاوکارن و 33 لەسەد وتیان تاڕادەیەک هاوکارن. جێگەی سەرنجە کە 22 لەسەد وتیان کە رووبەڕووی هیچ گرفتێک نەبوونەتەوە لەکاتی دەستگەیشتن بە سوودەکانیان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکان لە کارلێکی خاوەنکار و پیادەکردنە کارگێڕییەکان.

**باری تۆمارکردن و ماوەی رووماڵ:** رووپێوەکە ئاشکرای کرد کە 62 لەسەدی کرێکاران پشتڕاستیان کردەوە کە خاوەنکارەکانیان لەجیاتی ئەوان بەشداری دەکەن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا

6. راپۆرتەکەی (CRSM) بەڵگەنامەیەکی ناوخۆیی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە. هەندێک لێکۆڵینەوەی کەیس لە کۆتایی ئەم بەشەدا لەو راپۆرتە دەرهێنراون.



23 لەسەد دڵنیا نەبوون. سەبارەت بە رووماڵ، 52 لەسەد وتیان کە ماوەی رووماڵکردنیان تەبایە لەگەڵ کۆی ماوەی کارکردنیان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ تەبایی لەنێوان تۆمارەکانی بەشداریکردن و ماوەی راستەقینەی کارکردن. بەڵام 33 لەسەد دڵنیانەبوون سەبارەت بەمە. لەناو ئەوانەدا کە باسیان لە هەبوونی کەلێن کرد لە رووماڵکردن، 98 لەسەد لەنێوان یەک تا پێنج ساڵ کاریان کردوە بەبێ بەشداریی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**زانیاری دەربارەی بەشدارییەکان و چاودێریکردنی:** تەنها حەوت لەسەدی بەشداران دەزانن چۆن بەشدارییەکان و شایستەییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پشتڕاست بکەنەوە، 84 لەسەد وتیان نازانن چۆن بەدواداچوون بکەن بۆ ئەم زانیاریانە – ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەلێنی گەورە لە زانیاری.

**بەرەوپێشبردنی پێشنیازکراو:** بۆ زیادکردنی بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە سوودەکان، 18 لەسەدی کرێکارەکان پێشنیازی شەفافیەتی زیاتریان کرد لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی تۆمارەکانی بەشداریکردن و پێشنیازیان کرد زیاتر کراوەبن، بەتایبەتی لەڕێگەی ئەو ئامرازانەوە کە رێگەدەدەن بە کەسەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی تۆمارکردنیان و چاودێریکردنی شایستەییەکانیان.

### ◄ خانەی 3. کەیسی هەڵبژێردراو لە هەرێمی کوردستان

- **داواکارێکی ئافرەت لە هەولێر سەردانی فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرد لە رۆژی 29 نیسان 2024** بۆ مەبەستی داواکردنی خانەنشینی کوڕە کۆچکردەوەکەی کە لەماوەی کارکردندا کۆچی دوایی کردبوو. باسی ئەزموونەکەی خۆی کرد و وتی "یەکەم جار کە سەردانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان کرد، نەمانتوانی هیچ بکەین چونکە نەماندەزانی چیان پێویستە، چەند جارێک سەردانمان کرد، بەڵام جاری یەکەم تەنها وتیان پێویستە کام بەڵگەنامانە بهێنین، سەردانی دووەم بەڵگەنامەکانمان برد، وەک وەفاتنامە، ناسنامە، وێنەی خۆم، بڕوانامەی دابەشکردنی میرات و بەڵگەنامەی تر. پاش پێشکەشکردنی ئەم بەڵگەنامانە، وتیان چاوەڕوان بن تا خۆمان پەیوەندی دەکەین، نزیکەی یەک مانگە چاوەڕوانین، ئەگەر موچەکە وەربگرین بۆ من و نەوەکانم دەبێت."
- **کرێکارێکی ئافرەتی تەمەن 64 ساڵ، کە 24 ساڵە کاردەکات لە دهۆک، باسی لە داواکارییەکەی بۆ خانەنشینی بەساڵاچووان کرد و وتی:** "پێش ئەوەی سەردانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکەم بۆ پێشکەشکردنی داواکەم، هاوکارەکانم لە شوێنکارەکەم تەواوی پرۆسەکەیان بۆ روونکردمەوە. کاتێک سەردانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیم کرد، داوای بەڵگەنامەکانیان کرد و سەردانی چەند ژوورێکم کرد، بیرم نەماوە بە کام ژوور دەستمان پێکرد، بەڵام وێنەی خۆم، ناسنامە و بەڵگەنامەی ترم پێدان... پاشان سەردانی فەرمانگەکانی ترمان کرد. فەرمانبەرەکان زۆر بەڕێز و هاوکاربوون، پاش مانگێک یان دوو، فایلەکەم تەواو بوو، دواجار کە کوڕەکەم سەردانی کردن، زانیمان کە تەواویان کردوە، ئێستا موچەکەم وەردەگرم و سوپاسی خودا دەکەم کە بۆیان کردم."


- **کرێکارێکی پیاوی تەمەن 48 ساڵ لە هەولێر لە کارگەی کاشی کاری کردوە، باسی ڕێکارەکان دەکات لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خانەنشینی کەمئەندامی:** "سەردانی چەندین پزیشکم کرد، ئەنجامی هەموو پشکنینەکان نیشانیدا کە نابێت چیتر کاربکەم، داواکارییەکەم ساڵی رابوردو پێشکەش کرد و ماوەیەکی پێچوو و سەردانی لیژنەی پزیشکیم کرد، وابزانم لیژنەی خۆیان بوو، پاش حەوت مانگ فایلەکەم تەواو بوو، بەڵام وتیان دەبێت هەموو شەش مانگ جارێک سەردانی لیژنەی پزیشکی بکەم ئەگەر تا ئەو کاتە نەمردم ... هێشتا موچەکەم وەرنەگرتوە، بەڵام دەڵێن نزیکەی 150،000 دینارە، هێشتا چاوەڕوانم، هیوادارم حەوت مانگی تر نەخایەنێت."
- **پیاوێکی تەمەن 39 ساڵ لە دهۆک، کە لە بانک کاریکردوە، باسی داواکارییەکی دەکات بۆ دەرماڵەی کۆتایی خزمەت:** "داواکاریم پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی دەرماڵەی کۆتایی خزمەت، لەبەرئەوەی پرۆژەی خۆمم دامەزراند، کە بریتییە لە دوکانی چاککردنەوەی جلشۆر و پێویستم بە پارە بوو بۆ پرۆژەکەم. پرۆسەی داواکارییەکە چەند کاتژمێریکی خایاند و چوومە بانکەکەم بۆ واژۆکردنی هەندێک فرۆم و هێنانی بۆ فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لەبیرم نەماوە ئەو رۆژە سەردانی چەند ژوورم کرد، بەڵام لەبیرمە زیاتر لە یەکجار سەردانی چەند ژوورێکم کرد، پاش پێشکەشکردنی داواکارییەکە، وتیان کە ژمارە تەلەفۆنی منیان هەیە و لەماوەی مانگێکدا پەیوەندیم پێوەدەکەن، پاش مانگێک هێشتا پەیوەندییان نەکردوە! پلانم هەیە لەم رۆژانەدا سەردانیان بکەم بۆ ئەوەی بزانم فایلەکەم تەواو کراوە..."

# 7

# دۆخی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراق


ئـەم بەشـە تیشـک دەخاتـە سـەر دۆخـی سندوقـەکان لـە بـەردەستن بۆ کارگێڕپـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی. شێـوەی 58 باسـی خەرجییـە ڕاپۆرتکـراوەکان دەکات لەلایـەن کارگێڕپـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی هەرێمـی کوردسـتـان.

شێوەی 58: خەرجی ساڵانەی کارگێڕپی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، 2024-2018 (بە دیناری عێراقی)




شێـوەی 58 تیشـک دەخاتـە سـەر تێـکڕای خەرجەییـەکان بـە بڕی 10-11 مـلیۆن دینـاری عێراقـی لەنێـوان 2018-2020، لەگـەڵ بەرزبوونەوەیەکـی بەرچـاو لـە 2023 بۆ بڕی 33 مـلیۆن دینـار. پـاش ئەمـە دابەزینێکـی کـەم هەیـە لـە 2024 بۆ بڕی 21 مـلیۆن دینـار. سـەبارەت بـە پـارێزگاکان، هەولێـر پێشـەنگە و ئاراستەیەکـی هاوشێـوەی هەیـە.

شێوەی 59: داهاتی سـاڵانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، 2024-2018 (بە دیناری عێراقی)







شێـوەی 59 نیشـانی دەدات کـە داهاتـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی تایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتـان بەرزبۆتـەوە لـە 75 مـلیۆن دینـار لـە 2018 بۆ 94 مـلیۆن دینـار لـە 2020، پاشـان بەرزبوونەوەیەکـی گـەورە هەتـا 2023 کـە گەیشتـە 226 مـلیۆن دینـار و دواجـار دابەزینێکـی کـەم بۆ 241 مـلیۆن دینـار لـە 2024. هەولێـر پێشـەنگە لـەم بەرزبوونەوەیـە و پارێزگاکانـی تـر لـەدوای ئـەو دێن.

شێـوەی 60 ئاماژەیـە بۆ ئـەوەی کـە بالانـس (ڕەسیـد)ی پەتیـی قۆنـاغ بەقۆنـاغ بەرزبۆتـەوە و خێرابـووە، لـە 402 مـلیۆن دینـار لـە 2018 بۆ 1.28 ملیـار دینـار لـە 2024.

شێوەی 60: بالانسی کارگێڕپی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ساڵ، 2024-2018 (بە دیناری عێراقی)



# 8 راسپاردەکان

راسپاردەکان دابەشکراون بەسەر: ئەو راسپاردانەی پەیوەندییان هەیە چاکسازییەکانی سیاسەتەکان و رێکارەکان و ئەو راسپاردانەی پەیوەندییان هەیە بە داتا، چاودێریکردن و دۆکۆمێنتکردن.

## 8.1 راسپاردەکان سەبارەت بە سیاسەتەکان و کارگێڕیی

1. **فراوانکردنی رووماڵی کاریگەر:** ئەگەرچی رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بۆ دوو هێندە زیادیکردوە لەماوەی چوار ساڵی رابوردو، بەڵام هێشتا 12 لەسەد نزمە. هەوڵی بەرچاوی زیاتر پێویستە بۆ زیادکردنی رووماڵ. ئەم راپۆرتە راسپاردەی ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە دەکات:

   a. پەیڕەوکردنی رێبازێکی تایبەت بە ناوچە و کەرتە جیاوازەکان بۆ فراوانکردنی رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەهاوکاریی لەگەڵ فەرمانگەکانی کار، سەندیکا کرێکارییەکان و خاوەنکارەکان لەڕێگەی پێکهێنانی لیژنە سێ لایەنەکان. ئەزموونی لیژنەی سێ لایەنەی کەرکوک بەڕوونی یارمەتیدەر بوو بۆ زیادکردنی رووماڵ. فراوانکردنی پێکهێنانی ئەم جۆرە لیژنانە لە پارێزگاکانی تر دەبێتە هۆی فراوانکردنی هەوڵەکان.

   b. فراوانکردنی تۆمارکردن. وەک لە برگەی 3.3 باسکرا، ژمارەی کرێکار بۆ هەر خاوەنکارێک هێشتا نزمە، بە تێکڕای چوار بۆ پێنج کرێکار لە عێراقی فیدراڵ و سێ بۆ چوار کرێکار لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا تێکڕای راستەقینە، لەسەر بنەمای رووپێوی دامەزراوەکانی عێراق (بانکی نێودەوڵەتی 2022) تاڕادەیەک بەرزترە. لەبەرئەوە هێشتا مەودای فراوان هەیە بۆ تۆمارکردنی ئەو کرێکارانەی هێشتا تۆمارنەکراون، سەرەڕای ئەوەی لە کەرتی فەرمیی کاردەکەن. زۆر گرنگە، بەهاوکاری رێکخراو کۆمەڵەکانی کار، هەڵمەتی هۆشیاریی ئەنجام بدرێت بۆ مەبەستی زیادکردنی تۆمارکردن، هەروەها هەڵمەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوە زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندەکان و پرۆژە نافەرمییەکان و کرێکاری خودکار، بۆ مەبەستی زیادکردنی ئاستی تۆمارکردنی کرێکار و خاوەنکار لە پرۆژەی دەستەبەری ناچارەکیی و بژاردەیی.

   c. بەهێزکردنی رێوشوێنەکانی پشکنین و جێبەجێکردن، بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە یاسای ژمارە (18)، بەتایبەتی لەو پارێزگایانەی ئەدایان لاوازە. پێویستە رێکخراوە کرێکارییەکان هەڵمەتەکانیان بەهێزتر بکەن بۆ کارلێک لەگەڵ کرێکاران پەیوەست بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و رێکخراوەکانی خاوەنکاران دەبێت چالاکانە هاوکاربن لە هەوڵەکانی فراوانکردنی تۆمارکردن. پێکهێنانی لیژنەکان لەناو رێکخراوە کرێکارییەکان بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوونی سکاڵاکان لەدژی پابەندنەبوون بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی. رێکخراوەکانی خاوەنکاران پێویستە لیژنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێکبهێنن بۆ زامنکردنی پابەندبوون. هەروەها لیژنە سێ لایەنەکان، وەک ئەوەی کەرکوک، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ زامنکردنی بەرزبوونەوەی ئاسایی لە تۆمارکردن و خەرجکردنی سوودەکان.

| | |
|---|---|
| **مەودای کورت:** | دووبارەکردنەوەی نموونەی لیژنەی سێ لایەنەی کەرکوک لە پارێزگاکانی تر. |
| | ئەنجامدانی هەڵمەتی پەیوەندییکردن لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان بۆ دەستنیشانکردن و تۆمارکردنی کرێکاری تۆمارنەکراو. |
| **مەودای ناوەند:** | بەهێزکردنی ڕێوشوێنەکانی پشکنین و جێبەجیکردن و پێکهێنانی لیژنەکانی چاودێریکردن. |

2. **چارەسەرکردنی کەلێنی جێندەر:** تۆمارکردنی ئافرەت لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت کەمێک لە خوار ڕێژەی نزمی بەشداری ئافرەتانە لە هێزی کار لە عێراقی فیدراڵ، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان هاوتایە لەگەڵ ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە هێزی کار. ئەم ڕاپۆرتە ڕاسپاردەی ئەم ڕێوشوێنانە دەکات:

a. ناساندنی هاندەری گونجێنراو و ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ هاندانی تۆمارکردنی ئافرەتان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، لەوانە بەرنامەی دەستەبەری بژاردەیی.

b. یەکخستنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەرنامە کاراکانی بازاڕی کار بۆ پاڵپشتیکردنی بەشداری ئافرەت لە هێزی کار.

| | |
|---|---|
| **مەودای کورت:** | ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری تایبەت بە تۆمارکردنی ئافرەتان. |
| **مەودای ناوەند:** | یەکخستنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەرنامە کاراکانی بازاڕی کار بۆ پاڵپشتیکردنی بەشداری ئافرەت لە هێزی کار. |

3. **باشترکردنی دەستگەیشتن بە سوودە درێژخایەنەکان:** یەکێک لە سەرنجە سەرەکییەکان بریتی بوو لە نزمیی ئاستی دەستگەیشتنی کاریگەر بە سوودە درێژخایەنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەوانە دەستگەیشتن بە سوودەکانی خانەنشینی کەمئەندامی و میراتگری خانەنشین. ئەم ڕاپۆرتە ڕاسپاردەی ئەم ڕێوشوێنانە دەکات:

a. پێداچوونەوەی مەرجەکانی شایستەبوون و بەربەستەکانی خەرجکردنی خانەنشینی بەساڵاچوون و کەمئەندامیی لەژێر ڕۆشنایی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تۆمارکردن و بەجێگیریی مانەوەی خەرجکردنی سوودەکان.

b. دانانی ڕێگەکانی بەڕێکردنی خێرا بۆ هەڵسەنگاندنی کەمئەندامیی، بەتایبەتی لە دەرەوەی بەغداد و هەولێر.

| | |
|---|---|
| **مەودای کورت:** | دانانی ڕێگەکانی بەڕێکردنی خێرا بۆ هەڵسەنگاندنی کەمئەندامیی، بەتایبەتی لە دەرەوەی بەغداد و هەولێر. |
| **مەودای ناوەند:** | پێداچوونەوەی مەرجەکانی شایستەبوون و بەربەستەکانی خەرجکردنی خانەنشینی بەساڵاچوون و کەمئەندامیی لەژێر ڕۆشنایی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تۆمارکردن و بەجێگیریی مانەوەی خەرجکردنی سوودەکان. |

c. نزمیی ژمارەی خانەنشینانی بەساڵاچوون لە کەرتی تایبەتی عێراق ئاماژەیەکی گرنگە



بۆ لاوازیی کەسانی بەساڵاچوو. پێویستە حکومەت ڕەچاوی پاراستنی کۆمەڵایەتی گشتگیر بکات بۆ بەساڵاچووان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەلێنە.

4. **کاراکردنی سوودە کورتمەوداکان:** یەکێکی تر لە سەرنجە سەرەکییەکانی ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە سنووردارییی دەستگەیشتن بە سوودە کورتمەوداکان. ئەم ڕاپۆرتە ڕاسپاردەی ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە دەکات:

a. جێبەجێکردنی خێرای سوودەکانی نەخۆشیی، دایکایەتی و بێکاریی لەڕێگەی دەرکردنی ڕێنمایی و بەرزکردنەوەی توانا دامەزراوەییەکان.

b. تاقیکردنەوەی ئەزموونیی بۆ سیستمی دابینکردنی سوودە کورتخایەنەکان لە پارێزگا دیاریکراوەکان بۆ مەبەستی پشکنینی ڕاپۆرتدان، پشتڕاستکردنەوە و ڕەوتی کارەکانی خەرجکردن.

| | |
|---|---|
| **مەودای کورت:** | تاقیکردنەوەی ئەزموونیی بۆ سیستمی دابینکردنی سوودە کورتخایەنەکان لە پارێزگا دیاریکراوەکان. |
| **مەودای ناوەند:** | دەرکردنی ڕینماییەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانی دابینکردنی سوودەکانی نەخۆشیی، دایکایەتی و بێکاریی. |

5. **بەهێزکردنی رووماڵ و ئەگەری گواستنەوەی سوودەکان بۆ کرێکاری کۆچبەر:** ئەنجامەکانی بڕگەی 2.4 و تا ئاستێکی کەمتر بڕگەی 4.5، نیشانی دەدەن کە کرێکاری کۆچبەر بەشدارییەکی بەرچاو دەکەن لە سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەڵام لە عێراقی فیدراڵ ناتوانن داوای سوودەکان بکەن ئەگەر لە عێراق خانەنشین نەبن. ئەمە جۆرێکە لە جیاکاریی بونیادیی و پێویستە لاببرێت. ئەم ڕاپۆرتە ڕاسپاردەی ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە دەکات:

a. دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی و کارگێڕیی بۆ گواستنەوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەڕێگەی ڕێککەوتنامە ویاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وڵاتە ڕەسەنە پەیوەندارەکان.

b. دڵنیایی کردن لەوەی بەشدارییەکانی کرێکاری کۆچبەر دەبێتە هۆی پاراستنی کۆمەڵایەتی راستەقینە، یان پێداچوونەوەی بەشدارییەکان ئەگەر سوودەکان کراوە نابن بۆیان. ئەمە لەوانەیە پێویستی بە گۆڕینی سیاسەتەکان هەبێت.

c. دڵنیاییکردن لەوەی رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت فروانتر دەکرێت، ئەگەر بکرێت گواستنەوەی سوودەکان لەگەڵ وڵاتانی ڕەسەنی کۆچبەران ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت.

| | |
|---|---|
| **مەودای کورت:** | پێداچوونەوەی ناتەبایی لەنێوان بەشدارییەکان و سوودەکان و داڕشتنی سیاسەتێکی دادپەروەرانە بۆ کرێکاری کۆچبەر |
| | زامنکردنی دەستگەیشتن بە سوودەکان، یان پێداچوونەوەی مەرجەکانی بەشداریکردن بۆ کرێکاری کۆچبەر. |
| **مەودای ناوەند:** | داڕشتنی ڕێککەوتنامەی دوولایەنە یان یاداشتی لێکتێگەیشتن بۆ گواستنەوەی سوودەکان لەگەڵ وڵاتی ڕەسەنی کۆچبەران |

6. **هاندانی یەکخستن لەگەڵ سیستمی کەرتی گشتی:** لەکاتێکدا کە هەڵسەنگاندن کراوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتی لەلایەن دامەزراوەی ترەوە (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی 2024)، تۆمارکردن لە کەرتی تایبەت لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر نزمترە لە تۆمارکردن لە کەرتی گشتی. کەلێن و جیاوازیی لە شایستەییەکان بەردەوام هۆکارە بۆ ساردکردنەوەی کارکردن لە کەرتی تایبەت. لەبەرئەوە ئەم ڕاپۆرتە ڕاسپاردەی ئەمانە دەکات:

a. دانانی میکانیزمەکانی هەماهەنگی بۆ چارەسەرکردنی پەرتەوازەیی لەنێوان پرۆژەکانی کەرتی گشتی و تایبەت، هەروەها بەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ تەباکردنی شایستەییەکان و تواناى گواستنەوە.

| | |
|---|---|
| **مەودای دوور:** | دانانی میکانیزمەکانی هەماهەنگی بۆ چارەسەرکردنی پەرتەوازەیی لەنێوان پرۆژەکانی کەرتی گشتی و تایبەت، هەروەها بەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ تەباکردنی شایستەییەکان |

7. **بەهێزکردنی دامەزراوەیی:** هەردوو فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستە بەردەوام بن لە چاکسازییەکان بۆ مەبەستی توانادارکردنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری کواڵیتی بەرزی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە ڕاسپاردە دەکرێن:

a. وەبەرهێنان لە دیجیتاڵکردن و ئەلەکترۆنیکردنی تۆمارکردن، وەرگرتنی بەشدارییەکان و سیستمی پێشکەشکردنی داواکارییەکان لە فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی بەدیهاتنی لێپرسراوێتی زیاتر بەرامبەر کرێکارە دەستەبەرکراوەکان.

b. بەهێزکردنی رووپەلی خزمەتخواز (ئۆنلاین یان مۆبایل) بۆ دەستگەیشتنی بەشداران بە تۆمارەکان و پێشکەشکردنی داواکارییەکان و وەرگرتنی نوێترین زانیارییەکان.

| | |
|---|---|
| **مەودای کورت:** | بەهێزکردنی رووپەلی خزمەتخواز (ئۆنلاین یان مۆبایل) بۆ دەستگەیشتنی بەشداران |
| **مەودای ناوەند:** | ئەلەکترۆنیکردنی تۆمارکردن، وەرگرتنی بەشدارییەکان و بەدواداچوون و بەڕێوەبردنی داواکان |

## 8.2 ڕاسپاردەکان سەبارەت بە داتا، چاودێریکردن و دۆکۆمێنتکردن

1. **بەهێزکردنی کۆکردنەوە و بەردەستبوونی داتا**

a. بڵاوکردنەوەی داتا کارگێڕییە پۆلێنکراوەکان بەپێی رەگەز، پارێزگا، تەمەن، هاووڵاتینامە و جۆری سوودەکان بۆ بەدیهێنانی شەفافیەت و ئەنجامدانی شیکاریی.

b. ئەنجامدانی بەدواداچوونی سیستماتیک و بڵاوکردنەوەی داتا دەربارەی سوودە کورتخایەنەکان (نەخۆشیی، دایکایەتی، پێکانی کار، بێکاریی).

c. دڵنیایی کردن لەوەی داتا دەربارەی خەرجکردنەکان، خەرجییەکان و بالانسی پەتیی فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەکاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بڵاودەکرێنەوە و دەخرێنە بەر دەستی هاووڵاتیان. لەوانە ژمارەکان دەربارەی جەرجییە کارگێڕییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و جیاکردنەوەیان لە خەرجکردنی سوودەکان.

d. داتا دەربارەی خانەنشینی کەمئەندامیی لە هەرێمی کوردستان پێویستە دۆکیومێنت بکرێت و لەکاتی گونجاودا و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بڵاوبکرێنەوە و بخرێنە بەر دەستی هاووڵاتیان.

e. پێویستە داتا دەربارەی خاوەنکاری رەوانەکراو بۆ دادگا لە عێراقی فیدراڵ بەردەست بخرێن.

f. گەڕان بەدوای داتای تر کە دەکرێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام دۆکیومێنت و شرۆڤە بکرێن.

2. **باشترکردنی کواڵیتی و دروستیی داتا**

a. یەکخستن (بە ستانداردکردن)ی تۆمارەکانی تۆمارکردن و سڕینەوە، بەتایبەتی بۆ بەمەبەستی کەمکردنەوەی داتای پۆلێننەکراو یان "نەزانراو" (بۆ نموونە، وڵاتی رەسەن یان رەگەز نەزانراوە).

b. پەیڕەوکردنی پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی بەراوردکاری لەنێوان تۆمارەکانی خاوەنکار و کرێکار بۆ دڵنیابوون لە تەبایی لەنێوانیان.

3. **بەدامەزراوەییکردنی یەکخستنی ڕووپێوی هێزی کار**

a. هاوکاریی لەگەڵ نووسینگەی ناوەندیی ئامار لە عێراق فیدراڵ و دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان بۆ دانانی یەکەی پتەوی داتای دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ڕووپێوی هێزی کاری داهاتوو لە عێراق لە 2026.

b. دڵنیاییکردن لەوەی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2026 داتای پۆلێنکراو لەخۆدەگرێت لەسەر کەمئەندامیی، کاری نافەرمیی، کەرتی کارکردن و تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

4. **دانانی سیستمێکی چاودێریکردنی یەکخراو**

a. دروستکردن داشبۆردێک بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنی نیشاندەرەکانی ڕووماڵی کاریگەر بەپێی رەگەز، وڵاتی رەسەن، پارێزگا، جۆری سوود و پرۆژە (ناچارەکیی و بژاردەیی).

5. **ئەرشیف کردن و بڵاوکردنەوەی کاری شیکاریی**

a. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی شیکاریی کە بەردەست بن بۆ هاووڵاتیان و بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەرشیف بکرێن بۆ بەدواداچوونی بەرەوپێشچوونی چاکسازییەکان بە تێپەڕبوونی کات.

b. دۆکیومێنتکردنی وانە هەڵهێنجراوەکان لە پرۆگرامە ئەزموونییەکان یان پرۆژەی پارێزگا دیاریکراوەکان.

# سەرچاوەکان

CSO, KRSO and ILO (Central Statistical Organization of Federal Iraq, Central Statistical Organization of Kurdistan Region and International Labour Organization). 2022. Iraq Labour Force Survey 2021, Baghdad. https://www.ILO.org/sites/default/files/wcmsp5/groups/public/%40arabstates/%40ro-beirut/documents/publication/wcms_850359.pdf.

ILO. 2023. Not With Us, Not For Us Inclusive Partnerships for Reform, Beirut: ILO Regional Office for Arab States. https://www.ILO.org/sites/default/files/wcmsp5/groups/public/@arabstates/@ro-beirut/documents/publication/wcms_888181.pdf.

—— and CRSM Consulting. Forthcoming 2025. Rapid Social Security Perception Survey of Formal Enterprises and Workers in Iraq. Beirut: ILO Regional Office for Arab States.

—— and Overseas Development Institute. Forthcoming 2025a. Extending Social Security to Casual Workers in the Construction Sector in Iraq and the Kurdistan Region of Iraq. Beirut: ILO Regional Office for Arab States.

—— and —— . Forthcoming 2025b. Extending Social Security to Own-Account Workers and Unpaid Family Workers in the Agriculture Sector. Beirut: ILO Regional Office for Arab States.

—— and —— . Forthcoming 2025c. Extending Social Security to Wage Workers in the Manufacturing Sector in Iraq and Kurdistan Region of Iraq. Beirut: ILO Regional Office for Arab States.

IMF (International Monetary Fund), ILO and World Bank. (2024). Toward an Inclusive, Equitable and Sustainable National Pension System in Iraq,Washington, DC. https://www.social-protection.org/gimi/Media.action?id=19662.

KRSO (Central Statistical Organization of the Kurdistan Region of Iraq). 2023. Labour Force Survey Report – Kurdistan Region of Iraq 2021, Baghdad. https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force.

World Bank. 2022a. Enterprise Surveys: What Businesses Experience — Iraq 2022 Country Profile. Washington, DC. https://www.enterprisesurveys.org/content/dam/enterprisesurveys/documents/country/Iraq-2022.pdf.

——. 2022b. Iraq Household Socioeconomic Survey III: The Tabulation Report. Washington DC. https://projects.worldbank.org/en/projects-operations/project-detail/P176590.



### بڵاوکراوەی تری پەیوەنداری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

ILO. 2021a. A diagnostic of the informal economy in Iraq. https://www.social-protection.org/gimi/Media.action?id=18971.

——. 2021b. World Social Protection Report 2020–22: Social Protection at the Crossroads – in pursuit of a better future. https://www.social-protection.org/gimi/ShowTheme.action?id=5.

——. 2022a. Iraq National Strategy to prevent and reduce inequalities in the World of Work (20242028-), Beirut: ILO Regional Office for Arab States. [also available in Arabic]. https://www.ILO.org/sites/default/files/wcmsp5/groups/public/%40arabstates/%40ro-beirut/documents/publication/wcms_916523.pdf.

——. 2022b. Building Iraq's Social Protection Floor – Framework and Recommendations. https://www.social-protection.org/gimi/ShowRessource.action?id=57956.

——. 2022c. Generation 2050: Turning Iraq's Demographic 'Gift' into an Economic Window of Opportunity. Beirut: ILO Regional Office for Arab States. [also available in Arabic]. https://www.social-protection.org/gimi/Media.action?id=19075.

—— and IPEA (Institute for Applied Economic Research). 2025. Facilitating transition between social assistance and social insurance: Conceptual framework and review of global good practices for countries in the Arab Region, Brasilia and Geneva. https://www.ILO.org/sites/default/files/202502-/Facilitating-transition-between-social-assistance-and-social-insurance.pdf.

United Nations Iraq. 2022. Position Paper: Building Iraq's Social Protection Floor Framework and Recommendations. In collaboration with the Government of Iraq. Baghdad. https://www.ILO.org/sites/default/files/wcmsp5/groups/public/%40arabstates/%40ro-beirut/documents/publication/wcms_853782.pdf.

# پاشکۆ

◄ **خشتەی 1:** تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، (2024-2021) 93
◄ **خشتەی 2:** تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (2024-2018) 94
◄ **خشتەی 3:** کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بژاردەیی 94
◄ **خشتەی 4:** کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا (2024-2021) 95
◄ **خشتەی 5:** کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (2024-2018) 95
◄ **خشتەی 6:** خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ (2024-2021) 96
◄ **خشتەی 7:** خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (2024-2018) 96
◄ **خشتەی 8:** خانەنشینی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ (2024-2021) 97
◄ **خشتەی 9:** خانەنشینی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان (2024-2018) 97
◄ **خشتەی 10:** خانەنشینانی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ (2024-2021) 98
◄ **خشتەی 11:** رووماڵی کاریگەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، 2024-2021 (ڕێژەی سەدیی) 99



◄ خشتەی 1: تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، (2024-2021)

| سال | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | 7 179 | 8 076 | 9 801 | 11 326 |
| کەرکوک | 21 664 | 23 231 | 26 223 | 41 015 |
| دیالە | 6 775 | 7 322 | 8 034 | 9 409 |
| ئەنبار | 7 237 | 8 929 | 12 590 | 12 564 |
| بەغدا | 98 246 | 109 149 | 125 058 | 187 899 |
| بابل | 12 554 | 17 642 | 23 938 | 31 372 |
| کەربەلا | 12 266 | 16 390 | 24 089 | 19 539 |
| واسط | 15 213 | 14 270 | 14 471 | 15 421 |
| سەلاحەدین | 9 061 | 13 712 | 14 658 | 16 308 |
| نەجەف | 19 564 | 23 353 | 25 444 | 30 111 |
| قادسیە | 4 168 | 4 450 | 4 531 | 5 023 |
| موسەننا | 3 208 | 4 179 | 4 749 | 5 496 |
| زیقار | 17 342 | 20 340 | 23 516 | 23 567 |
| میسان | 7 382 | 7 442 | 10 638 | 15 452 |
| بەسرە | 35 296 | 42 876 | 49 048 | 58 578 |
| **کۆ** | **277 155** | **321 361** | **376 788** | **483 080** |

◄ خشتەی 2: تۆمارکردنی کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (2024-2018)

| ساڵ | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر* | 29 837 | 31 138 | 32 679 | 37 527 | 66 587 | 90 690 | 102 461 |
| سلێمانی و هەڵەبجە | 38 145 | 40 366 | 41 845 | 44 574 | 49 950 | 52 574 | 55 031 |
| دهۆک | 16 484 | 11 133 | 14 367 | 19 153 | 19 784 | 21 626 | 23 933 |
| سۆران* | | | | | | 737 | 1 559 |

◄ خشتەی 3: کرێکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بژاردەیی

| شوێن | تۆمارکراو |
|---|---|
| ئەنبار | 241 |
| بابل | 1 751 |
| بەغداد | 9 520 |
| بەسرە | 1 610 |
| دهۆک | 20 |
| زیقار | 419 |
| قادسیە | 514 |
| دیالە | 447 |
| هەولێر | 66 |
| کەربەلا | 798 |
| کەرکوک | 783 |
| میسان | 138 |
| موسەننا | 185 |
| نەجەف | 1 162 |
| نەینەوا | 1 644 |
| دەرەوەی عێراق | 97 |
| سەلاحەدین | 263 |
| سلێمانی | 65 |
| واسط | 665 |
| **کۆ** | **20 388** |



◄ خشتەی 4: کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ، بەپێی پارێزگا (2024-2021)

| پارێزگا | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | 4 | 4 | 7 | 22 |
| کەرکوک | 21 | 27 | 41 | 83 |
| دیالە | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ئەنبار | 25 | 91 | 119 | 144 |
| بەغداد | 2 567 | 2 781 | 3 185 | 6 933 |
| بابل | 0 | 31 | 0 | 37 |
| کەربەلا | 37 | 933 | 1 089 | 1 095 |
| واسط | 32 | 103 | 108 | 126 |
| سەلاحەدین | 126 | 126 | 248 | 330 |
| نەجەف | 88 | 88 | 108 | 128 |
| قادسیە | 74 | 68 | 91 | 97 |
| موسەننا | 176 | 287 | 317 | 325 |
| زیقار | 0 | 210 | 255 | 317 |
| میسان | 36 | 36 | 37 | 38 |
| بەسرە | 340 | 764 | 713 | 901 |
| **کۆ** | **3 526** | **5 549** | **6 318** | **10 576** |

◄ خشتەی 5: کرێکاری کۆچبەری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (2024-2018)

| ساڵ | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر* | 3 179 | 3 433 | 3 780 | 4 287 | 17 634 | 24 109 | 24 651 |
| سلێمانی و هەڵەبجە | 2 433 | 2 728 | 2 676 | 2 814 | 3 528 | 3 349 | 1 935 |
| دهۆک | 9 070 | 694 | 930 | 892 | 882 | 749 | 819 |
| سۆران* | | | | | | 40 | 15 |
| **کۆ** | **14 682** | **6 855** | **7 386** | **7 993** | **22 044** | **28 247** | **27 420** |

◄ خشتەی 6: خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ (2024-2021)

| ساڵ | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | 2 073 | 2 462 | 2 939 | 3 477 |
| کەرکوک | 5 746 | 5 876 | 6 097 | 6 606 |
| دیالە | 2 735 | 2 896 | 3 110 | 3 938 |
| ئەنبار | 3 165 | 3 383 | 3 711 | 4 123 |
| بەغداد | 32 248 | 33 765 | 35 544 | 30 193 |
| بابل | 3 258 | 3 543 | 3 978 | 4 860 |
| کەربەلا | 3 053 | 3 476 | 3 868 | 4 557 |
| واست | 2 384 | 2 469 | 2 593 | 2 888 |
| سەلاحەدین | 3 381 | 3 856 | 4 459 | 4 903 |
| نەجەف | 4 347 | 4 695 | 5 034 | 6 195 |
| قادسیە | 2 329 | 2 392 | 2 493 | 2 791 |
| موسەننا | 1 349 | 1 378 | 1 499 | 1 678 |
| زیقار | 3 743 | 4 135 | 4 502 | 4 853 |
| میسان | 1 315 | 1 346 | 1 725 | 2 308 |
| بەسرە | 7 035 | 7 822 | 8 642 | 9 593 |
| **کۆ** | **78 161** | **83 494** | **90 194** | **92 963** |

◄ خشتەی 7: خاوەنکاری تۆمارکراو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (2024-2018)

| ساڵ | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر* | 10 681 | 11 508 | 13 542 | 16 532 | 18 405 | 22 380 | 24 701 |
| سلێمانی | 10 806 | 11 399 | 11 810 | 12 507 | 14 858 | 16 806 | 18 657 |
| دهۆک | 6 738 | 7107 | 7 746 | 8 625 | 8 624 | 8 861 | 9 546 |
| سۆران* | | | | | | 325 | 542 |
| **کۆ** | **28 225** | **30 014** | **33 098** | **37 664** | **41 887** | **48 372** | **53 446** |



◄ خشتەی 8: خانەنشینی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ (2024-2021)

| ساڵ | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | 667 | 651 | 728 | 699 |
| کەرکوک | 305 | 296 | 331 | 359 |
| دیالە | 155 | 173 | 199 | 197 |
| ئەنبار | 37 | 42 | 46 | 54 |
| بەغداد | 5 799 | 5 884 | 6 220 | 6 127 |
| بابل | 193 | 210 | 241 | 250 |
| کەربەلا | 198 | 207 | 221 | 230 |
| واست | 222 | 240 | 262 | 276 |
| سەلاحەدین | 43 | 41 | 42 | 38 |
| نەجەف | 84 | 89 | 121 | 130 |
| قادسیە | 35 | 49 | 56 | 56 |
| موسەننا | 15 | 23 | 25 | 28 |
| زیقار | 44 | 45 | 57 | 63 |
| میسان | 20 | 19 | 23 | 22 |
| بەسرە | 465 | 493 | 578 | 598 |
| دهۆک | 20 | 20 | 16 | 17 |
| هەولێر | 21 | 16 | 2 | 8 |
| سلێمانی | 4 | 4 | 2 | 2 |

◄ خشتەی 9: خانەنشینی بەساڵاچوو لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان (2018-2024)

| ساڵ | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر* | 332 | 346 | 350 | 390 | 419 | 439 | 445 |
| سلێمانی | 243 | 248 | 250 | 278 | 291 | 307 | 320 |
| دهۆک | 154 | 173 | 170 | 177 | 171 | 179 | 188 |
| سۆران* | | | | | | 1 | 1 |
| **کۆ** | **729** | **767** | **770** | **845** | **881** | **926** | **954** |

◄ خشتەی 10: خانەنشینانی کەمئەندامیی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ (2021-2024)

| ساڵ | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | 122 | 118 | 120 | 123 |
| کەرکوک | 52 | 42 | 47 | 40 |
| دیالە | 51 | 49 | 55 | 54 |
| ئەنبار | 8 | 9 | 13 | 13 |
| بەغداد | 700 | 683 | 678 | 622 |
| بابل | 70 | 76 | 77 | 75 |
| کەربەلا | 54 | 57 | 57 | 58 |
| واست | 47 | 52 | 53 | 53 |
| سەلاحەدین | 10 | 14 | 12 | 12 |
| نەجەف | 200 | 230 | 253 | 266 |
| قادسیە | 200 | 286 | 350 | 366 |
| موسەننا | 15 | 14 | 16 | 19 |
| زیقار | 46 | 52 | 55 | 57 |
| میسان | 21 | 18 | 18 | 17 |
| بەسرە | 102 | 95 | 104 | 113 |
| دهۆک | 3 | 1 | 0 | 0 |
| هەولێر | 3 | 3 | 1 | 2 |
| سلێمانی | 3 | 2 | 2 | 2 |



◄ خشتەی 11: ڕووماڵی کاریگەر لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت، 2024-2021 (ڕێژەی سەدی)

| ساڵ | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | 12.46 | 12.87 | 14.07 | 15.59 |
| نەینەوا | 1.48 | 1.66 | 2.02 | 2.67 |
| سلێمانی و هەڵەبجە | 10.76 | 12.05 | 12.69 | 13.29 |
| کەرکوک | 9.56 | 10.25 | 11.57 | 18.45 |
| هەولێر | 11.27 | 20.00 | 27.47 | 31.27 |
| دیالە | 3.20 | 3.46 | 3.80 | 4.66 |
| ئەنبار | 4.35 | 5.37 | 7.57 | 7.70 |
| بەغداد | 7.45 | 8.27 | 9.48 | 14.96 |
| بابل | 3.90 | 5.48 | 7.44 | 10.29 |
| کەربەلا | 6.89 | 9.21 | 13.54 | 11.43 |
| واست | 7.34 | 6.89 | 6.98 | 7.76 |
| سەلاحەدین | 3.30 | 5.00 | 5.35 | 6.04 |
| نەجەف | 8.73 | 10.42 | 11.36 | 13.96 |
| قادسیە | 2.47 | 2.63 | 2.68 | 3.28 |
| موسەننا | 4.00 | 5.21 | 5.92 | 7.09 |
| زیقار | 11.54 | 13.53 | 15.65 | 15.96 |
| میسان | 5.61 | 5.65 | 8.08 | 11.84 |
| بەسرە | 9.28 | 11.27 | 12.89 | 15.82 |
| کۆی هەموو عێراق | 6.97 | 8.43 | 9.99 | 12.65 |

**بەرەوپێشبردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی، برەودان بە کاری شیاو**

ڕێکخـراوی کاری نێودەوڵەتـی ئاژانسـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە بۆ بـواری کار. ئێمـە حکومەتـەکان، خاوەنـکاران و کرێـکاران پێکـەوە کۆدەکەینـەوە بۆ هاندانـی ڕێبازێکـی مـرۆڤ دۆست بۆ ئاینـدەی کار لەڕێگـەی دروستکردنـی هەلـی کار، مافـەکان لـە شـوێنکار، پاراستنـی کۆمەڵایەتـی و گفتـوگۆی کۆمەڵایەتـی.

**ilo.org**


نووسینگەی هەماهەنگی وڵات لە عێراق

بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، بەغداد، عێراق

iraq@ilo.org